# خەونی فەرمانبەرێك

## چیرۆك

هاوژین سلێوە

چاپی یەکەم

٢٠٢٠

**ناوی کتێب: خەونی فەرمانبەرێك.**

**بابەت: چیرۆك.**

**نووسینی: هاوژین سلێوە.**

**دیزاینی ناوەوە: هاوژین.**

**دیزانی بەرگ: د. هیوا سەلام.**

**چاپخانەی: سایە – سلێمانی.**

**چاپی: یەکەم (٢٠٢٠).**

**تیراژ: (٥٠٠).**

**نرخ: (٢٠٠٠).**

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(٢٥٩٥)ساڵی(٢٠١٩)ی پێدراوە.**

هاوژین سڵیوە

# خانەنشین [1]

**کە بەیانی (عەبدوڵڵا سەعید) لە خەو هەستا، دڵی زۆر توووند بوو، چونکە هەر چەند ڕۆژێکی مابوو خانەنشین بکرێ، بەیانییەکی کش و مات و بێدەنگ بوو، چووە نێو باخچەکەی، وەك ڕۆژانی تر پیاسەی دەکرد، بەڵام چاوی دیمەنی باخچە و پەپوولە جوانەکانی نەدەبینی، گوێی لە دەنگی چۆلەکەکان نەدەبوو، زۆر شڵەژابوو لەبەرخۆیەوە دەیگوت:**

**- ئەوا هەفتەیەك دەبێ خەو بەباشی لە چاوم ناکەوێ، بۆ واملێهاتووە؟! هەر خۆشی وەڵامی دەدایەوە:**

**+ خەم مەخۆ با خانەنشین بکرێی، خۆ بەتەنها تۆ خانەنشین ناکرێی، هاوڕێکانیشت خانەنشین دەبن.**

**ـ ئاخر کێشەیە بۆ من، یانی پیربووم و توانای ئیشکردنم نەماوە.**

---

**١ - لە ساڵی (٢٠١٧)، لە ژمارە(٢٣٨)ی گۆڤاری ڕامان بڵاوبووەتەوە.**

**لەبەرخۆیەوە دەیوت: من هێشتا گەنجم و لەڕووی هزر و جەستەشەوە توانای کارکردنم ماوە، خاکەناسەکەی دەست دایێ و زۆر بەخێرایی گۆشەیەکی باخچەکەی ناوگێلێ کرد و لەبەرخۆیەوە هەر قسەی دەکرد: موچەکەم زۆر کەم دەبێتەوە، بەشی حەب و دەرمانم ناکات! چۆن بژییێم؟ مانای چییە من خانەنشین بکرێم؟ خۆ من هێشتا توانای کارکردنم ماوە، مانای چییە؟ دوای خزمەتکردنی چل و دوو ساڵ موچەکەم بەشی حەب و دەرمانەکانی خۆم و خێزانەکەم نەکات!! ئەوە (بە هەزار ناڵی عەلی) و بەسەدان چەرمەسەری منداڵەکانمان پێگەیاند و چونە ڕێی خۆیان، پاش ئەو هەموو خزمەتە نەتوانم هاکەزایش بژیم!! هۆگربوونی من بەم فەرمانگەیەوە، کە ساڵانێکی دوور و درێژە، کاتەکانم لەوێ بەسەردەبەم، هاوڕێی گیانی بەگیانیم پەیداکردووە، چ**

مانایــەکی هەیــە بمنێرنــەوەماڵــەوە، کاتــەکانم بەچــی بەسەرببەم...!؟

خانەنشـین بـوون لـەم وڵاتـە مردنێکـی لەسـەرخۆیە!! کــەوتبووە دغدغــەی دەروون و هــەنگاوی نــاو چــووە ژوورەوە و دەم و چـاوی شووشـت، لــە ئاوێنەکـە ڕامـا، لەبــەر ئــەم کەمــە ئیشــە بــەقوڵی هەناســەی دەدا، لەبەرخۆیەوە دەیوت: ئـەوە بـۆ وام لێهاتووە؟! هێلیـنگم لەبەربڕاوە، ئەوەندە ئیشە وایماندووکردم!! سەیری چاڵ و چـۆڵی ڕووخسـاری خـۆی کـرد، سـەیری قـژی نیـوە ڕووتــاوە و سـپی، ددانــی نیوەکــەوتوو و شــاش و واش. ڕیشــی ســپی کــەمێ هــاتوو، مــووە ســپییەکانی سەرسینگیشی ئەوەندەی تر قیت ببوونەوە. خێرا خێـرا ڕیشی تاشی، بۆئـەوەی لـەم مـووە سـپیانە ڕزگـاری بێـت، قۆپەنــە موێــك لــەنێو لۆچــی ڕوومــەتی چــەپەی جێمابوون، لەجیاتی دەست بۆ کوێزانەکە ببـات، فلْچـەی ددان شــــۆرینەکەی دەســــت دایــــێ و پێیــــداهێنا! شـیلەبزەیەکی هـاتێ، بـە نکـەنك لەبەرخۆیـەوە کەوتـە

قسەکردن، ئای! دیارە پیربوویم، ئەو کەمە ئیشە توشی هەناسە سواری کردم، دیارە چاوەکانیشم کزبووین، ئەو قۆپەنە مووەم بەجێ هێشت، دەبێ مێشکیشم تێکچووبێ، لە جیاتی گوێزان دەست بۆ فلچەی ددان شۆرین دەبەم، ناهەقیان نییە خانەنشینم دەکەن... گوێزانەکەی دەست دایێ و مووە بەجێ ماوەکانی جوان تاشی، بەڵام چاڵ و چۆڵی ڕووخساری زیاتر بەدەرکەوتن. دوای خواردنی نان و چا و خۆگۆڕین، بەرەو فەرمانگە بەڕێکەوت . بەدەم ڕێگاوە یەکەم ڕۆژی کەوتەوە بیر، کە تازە لە فەرمانگەی (باجی خانووبەرە) دامەزرابوو، یەکەم ڕۆژ بە کراسێکی سپی و پانتۆڵێکی نیلییەوە چوبووە فەرمانگە، ئەوکات گەنجێکی قۆز و پڕ چالاکی بوو، پرچی قەترانی ڕەش، ددانەکانی لە سپییەتیدا دەتریسکانەوە. لەبەرخۆیەوە دەیوت: چەند خۆش بوو، کە یەکەم ڕۆژ چوومە فەرمانگە، بەخێرهاتنیان کردم و ئیشەکانیان بۆ خستمە ڕوو، لەگەڵ کاك (شوکر نوری) زوو بوینە هاوڕێ، ناوەناوە

**کـاتێ لەکارکردنـدا بـێ تاقـەت دەبـووین پیاسـەیەکمان بەنێو چیمەنی فەرمانگەدا دەکرد، ئەوکات چەند خۆش بـوو، کـاڵێ و شـەوبۆ زۆر خۆیـان لـێم نزیـك دەکـردەوە، ئارەزوویـان دەکـرد قسـەیان لەگـەڵ بکـەم، دایکیشـم دەیـوت: کچـی پـورت بێنـە، لـە بـەهاری تەمەنـدا بـووم، حەز و خولیاکانم گەلێ زۆر بوون، دڵداری چێژی خـۆی هەبوو، گەڕان و سوڕان و خواردن و خواردنەوە، هـەموو شتێك چێژی خۆی هەبوو، بەدەم ئەم خەیاڵانەوە خـۆی گەیانـدە فەرمانگـە، ئـەو پێشـتر هێنـدە هەسـتی بـە پیربوونی خۆی نەکردبوو، بەڵام نزیك بوونـەوەی وادەی خانەنشین کردنـی بێتاقـەتی کردبـوو، بـارێکی دەروونـی نـاجێگیری بـۆ دروسـتکردبوو، ڕەشـبین بـوو، مـەرگی دەهاتـە پێشچـاو... ئـەو ڕۆژە بەمرۆمۆچـی ئیشـەکانی دەکـرد و قسـەی لەگـەڵ فەرمانبـەرەکان نـەدەکرد و پەلەتیقەی دەخستە نێو کاری هاووڵاتیـان، وەك ئـەوەی کەسـێك غـەدری لێکردبێـت. پێنجشـەممە و هـەینی بەسەرداهات، ڕۆژی یەکشەم دوا ڕۆژی دەوامکردنی بـوو،**

بەیانییەکەی، کە چووە دەوام، بینی کچێکی باڵا بەرزی چاوشین ناسك ناسك تا بڵێی جوان، لە سەر کورسییەکەی ئەو دانیشتووە و فەرمانبەرێك ئیشەکانی فێردەکات.

- بەیانیتان باش.

+ بەیانی باش بەخێر بێی.

ئاوات خان زاری هەڵێنا: کاك عەبدوڵڵا ئەوە (پەیام خانە)، دەرچووی کۆلیژی بەشی ژمێرپارییە، تازە دامەزراوە.

- عەبدوڵڵا : بەخێربێی پیرۆزە پیرۆزە.

+خۆشبی سوپاس.

عەبدوڵڵا سەعید لە گۆشەیەك دانیشت و خانمی تازەهاتووش لەسەر کورسییەکەی ئەو.

ئاوات: کاك عەبدوڵڵا ئێمە هەندێك لە ئیشەکانمان پێوتووە، بە ئەرك نەبێ تۆش هەندێ ڕێنمایی پێبدە، کورسییەکەی بردە تەنیشت پەیام خان و تۆمار و بۆکس فایلەکانی کردەوە و بابەتەکانی بۆ باسکرد،

جوانی پەیام خان و شەرم و نازکردنی و بۆنی عەتر و گوڵاوی قژی، ناخی عەبدوڵڵای پڕکردبوو لە تێهەڵچوون، لە دڵی خۆیدا دەیوت: من هێشتا گەنجم و توانای کارکردنم ماوە.
- پەیام خان ئەمە مۆرەکەیە، لێرە و بەدوا تۆ بەکاری دەهێنی، ئەگەر شتێکیشت نەزانی، ئەوا ئاوات خان و کاك نەوزاد یارمەتیت دەدەن. دوای تێپەڕبوونی چەند ساتێك پەیام خان پاکەتە پاقلاوەکەی کردەوە و شیرنانەی دەستبەکار بوونی خۆی بەشییەوە. عەبدوڵڵا سەعید دامەزراندنەکەی خۆی هاتەوەیاد، کە ئەو دووەم ڕۆژی دەستبەکاربوونی باسوق و سجوقی بۆ فەرمانگە بردبوو، هەناسەیەکی هەڵکێشا...بەدەم خواردنی پاقلاوەوە ئاوات وتی: کاك عەبدوڵڵا زۆرمان پێناخۆشە خانەنشین دەکرێی، ئێمە ساڵانێکی زۆرە لەم فەرمانگەیە وەك خزم و کەسی یەکتر پێکەوە دەژین.
عەبدوڵڵا : ئەوە سونەتی ژیانە بڵێم چی، منیش دوا ڕۆژی دەوام کردنمە و هاتووم ماڵئاواییتان لێبکەم و

گـەردنم ئـازاد بكـەن. عەبـدوڵڵا كـە سـەیری دەسـت و پەنجە ناسكەكانی (پەیام)ی دەكرد زۆری پێ جوان بـوو، ئەو چل و یـەك ساڵ بـەر لـە ئێسـتای بیركەوتـەوە، كـە هێشـتا پـەیام لـەدایك نـەببوو، ئـەو بـووە فەرمانبـەر، لەدڵی خۆیدا دەیوت، خۆزگە ئێستا گـەنج دەبوومـەوە و سـەرلەنوێ دادەمەزرامـەوە، بـە دەروونێكـی تێكشـكاو و زەردەخەنەیـەكی نمایشـكارانە سمێڵــە بــزە گرتــی و خواحافیزی لەسەرجەم هاوڕێكانی كـرد و حـۆتر حـۆتر بەرەو ماڵ گەڕایەوە.

هاوژین سڵیوە

# تاڵە موویەکی سمێڵم سپی بوو ٢

ئەوەنــدەی مــن خــەمی مــووی ســپیم خــواردووە، باوەڕناکـەم هـیچ بنیـادەمێ ئەوەنـدە خـەمی لـە مـووی سپی خواردبێ، هەرکە تەمەنم لە بیست و پێنج ساڵی ڕەتیکـرد، سـەرم دانەدانـەی مـووی سـپی لێپەیـدابوو، سـەرەتا دوو دانـەم بینـی، زۆر نیگـەران بـووم، هـەموو جـارێ لەبــەر ئاوێنەکــە ڕادەوەســتام و بەمەقەســتێك لەبنـەوە دەمـبڕین، نەمـدەوێرا هـەڵیان کـەنم دەیـانوت: مـووی سـپی هەڵکـەنی زیـاد دەکـا، وردە وردە وایلێهـات لـەدە و دوازدەش تێپـەڕین، بـەڵام بـە مەقەسـت قـوتم دەکردن، کاتێ تەمەنیشم لە سی ساڵی ڕەتیکـرد، یـەك دوو دانەی سپی کەوتە چەنەگەمەوە، لە بەدبەختی مـن سەکســوکیش دەهێڵمــەوە، وایلێهــات دەرەقــەتی مــووە

---

٢ - لە ژمارە(٢٤٣٤)ی ڕۆژنامەی هەولێر لەڕێکەوتی ٢٢-٨- ٢٠١٦، بڵاوکراوەتەوە.

سپییەکانی سەرم نەهاتم و هێندە زیاد بوون لە دووسەدیش تێپەڕیان کرد، دڵی خۆم بەوە دەدایەوە چانییە ئەسڵەع نیم - سەرم نەڕوتاوەتەوە، ئەوەتا (ئیدمۆن)ی کوڕی پوورم ئەسڵەعەو ئەوەندە مووەی بەسەریەوەیە زۆربەی زۆری سپی بووین. هەرچۆنێ بوو لەگەڵ ئەم بارە ڕاهاتم، وازم لەمووەکانی سەرم هێنا، بەڵام ئەو دوو مووەی سەکسوکم بەمەقەست لەبنەوە دەقرتاند.

کاتێ تەمەنیشم گەیشتە سی و شەش ساڵ مووە سپییەکانی سەکسوکم لە بیست دانە ڕەتیانکرد، ئیتر وازم لە قرتاندنی مووی سپی هێنا، دڵم بەوەندە خۆش بوو، مووەکانی سمێڵم ڕەش و جوان بوون و دانەی سپی تێدانەبوو، بەڵام بەیانییەك کەدەم و چاوم دەشووشت، بینیم مووێکی سپی لەنێو مووە ڕەشەکانی سمێڵم قیت بۆتەوە، سەرەتا واقم وڕما! دوای ئەوەی بە پەنجەکانم

نــەختێ سمــێڵم تێکــەڵکرد، دیســان مــووە ســپییەکە بەدەرکەوتەوە، نیگەرانییەکی زۆر دایگرتم، کە چوومە فەرمانگەش هەر خەمی ئەو تاڵە مووە سپییەم بوو، مۆبایلەکــەم دەرهێنــا، وێنەیــەکی ســێڵفیم گــرت و لەوێنەکەش مووە سپییەکە قیت بووەوە، بیرم لەوە دەکردەوە، وەك مووەکانی تر لەبنەوە بیقرتێنم، یان دەرمانی بۆبگرمەوە و بە سەرە فلچەیەك بەتەنها ئەم مــووە ڕەشــبکەمەوە، نەمــدەوێرا هەڵیکــەنم، لەترســی ئەوەی نەوەك مووی تر سپی بن. بێتاقەتییەکی زۆر دایگرتم، چونکە دەمزانی هەر ئەو مووە نییە، بەڵکو ئەم مووە میراتییە گەرا دەنێتەوە و مووی سپی تر بەرهەم دەهێنێ!! بیرم لەوە دەکردەوە نەشتەرگەری بکەم و شانەی ئەم مووە سپییە لەناوبەرم، بەڵکو هیچ نەبێ سمێڵم بەڕەشی بمێنێتەوە، کە گەڕامەوە ماڵەوەش هــەر ســەیری ئاوێنەکــەم دەکــرد، لــە بەدبــەختی مــن

خۆرەتاو بەلاری هاتبووە ژوورەوە و لە ئاوێنەکەی دەدا.خۆ هەر لە شوێنی سێبەر سەیری ئاوێنە بکەی ڕوخسارت جوان دێتە بەرچاو. ئای ئەوە من تەنها خەمی مووی سپییمە!! بزانە ئەم هەموو وردیلە جۆگەڵەیە! دەزانم ڕووباری پیری ئەم جۆگانەش هەڵدەدڕێ و قوڵتریان دەکا. ئەدی ئەو وردە هێڵانەی دەوری چاوم، تازە دەزانم بەرەو پیری دەڕۆم!! خۆ هیچ ددانێکم نەکەوتوون، بەڵام دوو ددانم پڕکردووتەوە. زۆر سەیرە ئەم ڕەنگە سپییە نامۆیە لەکوێوە هات، لەوەتەی سمێڵم هاتووە، هەر ڕەش بووە ئێستا بۆ سپی بێت؟ ماوەی سێ ڕۆژ بوو کەوتبوومە دغدغەی دەروون، هەموو بەیانییەك تاڵ تاڵ مووەکانی سمێڵم دەپشکنی، وەك چۆن مەیموون بۆ خواردنی ڕشك و ئەسپێ جەستەی یەکتری دەپشکنن. یا وەك چۆن مریشك بۆدۆزیینەوەی دەنکە دانێك چینەدەکا. هەرخۆشم دڵی

خـۆم دەدایــەوە و دەمــوت: ئەوەنییــە (زانــا)ی هــاوڕێم نیوەی سەری سپی بووە، هێشتا هی من باشـترە، هی مـن ڕەشترە، پیری چی، تەمەنم سی و شەش ساڵە هەندێ لـە وەڵداشــەکانم هێشــتا بوخچــەی نــەکراوەن و ژنیــان نەهێناوە. ئەم دڵدانەوەیـە هـەر بـۆ دەمـژمێرێك و دوان باش بوو، ئیتر دیسان خەمی مووی سـپی دایدەگرتمـەوە، ئـەی خوایـە گیـان وردە وردە لەگـەڵ پـیری ڕامانـدێنی. لێمبـووە مـەراق و بەشـەقامدا دەڕۆیشـتم، کـە هـاوڕێ و هاوتەمەنـەکانی خـۆم دەبینـی تـەنها سـەیری سمێڵیـانم دەکـرد، دەمگـوت بـزانم هـی وان چـۆنە. زۆر بـەوردی سەیری سمێڵی خەڵکم دەکرد، بەژیانی خۆم ئەوەندە لـە دەم و سمێڵی پیاوان ورد نەبووبوومەوە، هی ئافرەتان نا ئـەوان سـاڵانێکە لـەدەم و لیویـان ورد دەبمـەوە. سـەیرم دەکرد هاوەڵـەکانم ئەوانـەی تەمـەنیان سـی و شـەش بـۆ سی و هەشت ساڵانە ئەوانیش هەیـە زۆر و هەیـە کـەمی

لێ سپی بووە، لەدڵی خۆم دەموت دەبێ ئەوانیش وەك من خەم لە مووی سپی بخۆن؟!! هەرخۆشم وەڵامم دەدایەوە، بۆ خەم دەخۆی بەخوا سەر و قژی ڕەساسی زۆر جوانە، چەند ساڵێکی تر پێی دەگەم، نانا من حەزم لەو سوعبەتانە نییە، پرچی ماش و برنجیم ناوێ، دەمەوێ هەر ماش بێ. ئەم دڵەڕاوکێیەم زیادی دەکرد، بیرم لەوە دەکردەوە پەنا بۆ دکتۆری دەروونی بەرم!! بەیانییەك لەخەو هەڵسام، دیسان کەوتمەوە پشکنین و گەڕان بەدوای مووی سپی سمێڵم، کەچی هەر ئەو دانەیە بوو، هێشتا زیادی نەکردبوو. دڵخۆشی خۆم دەدایەوە. بۆچی واخەفەت دەخۆی؟ هاوتەمەنی تۆ هەیە نەخۆشی شەکرەی هەیە، هەیە نەخۆشی فشاری خوێنی هەیە، هەیە چاوەکانی کزن، هەیە دڵی، گورچیلەی...تەواو نییە. خەم لەچی دەخۆی؟ خۆتۆ هیچ نەخۆشییەکت نییە.

لەوکاتەدا بە خەیاڵی چڕەوە کەوتمە زیندەخەونێکی قوڵەوە، بینیم سانتیم بەسانتیم لەپەنا قۆتەرەی گوێمەوە ئەوا ئاگرێکی سپی وردە وردە پاوانی سەرمی گرتۆتەوە و وردە وردە سپیی دەبێت، دواتر قژی سەرم هەمووی سپی بوو، سپی سپی وەك ماست. ئینجا ئاگرە سپییەکە لەنێوچەوانمەوە هاتەخوارەوە و وردە وردە بەجەستەم شۆڕبووەوە و بووم بەشێرە بەفرینە، بووم بەمردووی کفن لەبەر، لەپڕ جەستەم بەسەریەك تێکشکا و وردە وردە بچووك دەبوومەوە، تاوەکو هێندەی سێوێك لەجەستەم مایەوە، ئینجا تروسکاییەك لەسێوە سپییەکە بەدەرکەوت و بووم بەکۆترێکی سپی و لە شەقەی باڵم دا و بەقولایی ئاسماندا فڕیم و هەربەرەو قولایی تاوەکو لەبەرچاوان ون بووم و لە زەویش لە شوێن کۆترە فڕیوەکە ڕیقنەیەك بەجێمابوو، لەپڕ ڕاچڵەکیم، جەستەم دەلەرزی، شپرزەیم پێوەدیاربوو... پاش خەم خواردن و ڕامانێکی زۆر، ئینجا کەوتمە سەرزەنشتی خۆم و ما قسە بەخۆم بڵێم.

**ئەوە چەند ڕۆژە خەم لەچی دەخۆی؟ گەمژە، خۆ تەنها سمێڵی تۆ سپی نەبووە، هی هەموو کەسێك سپی دەبێ، هەر بەخۆم دەوت ئەوە تۆ چی، خۆپەرستا! ئەوە دەبینی ڕۆژانە بەدەیان پێشمەرگەی گەنج شەهید دەبن، بەدەیان گەنجی هاوتەمەنم مردن، کەچی من هێشتا لەژیاندا ماوم، عەیبێ ناکەی، شەرم ناکەی، داناوەشێی...بیر لە تاڵە مووێك دەکەیتەوە. تێر و پڕ جنێوم بەخۆمدا، هەرخۆشم بەخۆم دەوت: ئەوە پێت دەڵێم لێرە و بەدوا بە هیچ شێوەیەك خەم لەمووی سپی مەخۆ، دەنا دەم و قەپۆزت دەشکێنم!! با توورە نەبم و بە مەترەقان لەخۆم نەدەم.**

**ڕەوتی تەمەن و ژیان چۆن تێپەڕی، باتێپەڕێ و بڕوا، ژیان بەهەموو وێستگەکانی تەمەنەوە جوانە. لەو ڕۆژەوە، کە ئەو قسانەم بەخۆم وتووە، وازم لەم وەسوەسەیە هێنا، ئیتر مووی سەر و سمێڵ و ڕیشم تادێ بەرەو سپیێتی دەڕوات. بڕیارم دا هەرگیز بیر لەو شتانە نەکەمەوە و خەفەت لە مووی سپی نەخۆم. ژیان**

**ئەوەنــدە نــاهێنێ ئــەم هــەموو خەفــەت و ئــازارەی بــۆ بخــۆی، هــەموو شــتێك لــە گــۆڕان دایــە، لــق و پــۆپی درەختەكەی حەوشـەمان وەك سـاڵی پـار نـین، تەنانـەت چیاكانیش بە باران و بەفر و زریان...شێوەیان دەگۆڕێ. ئــیتر تەمــەن تێدەپــەڕێ باتێپــەڕێ. ناگەڕێتــەوە، بــا نەگەڕێتـەوە، ئەوەنـدەی دەژیـم بـا بەئاسوودەیی بـژیم. كەچـی ڕۆژێكیـان ژنەكـەم بـە خـەمناكی دانیشـتبوو و وتی: سمێڵیشت وردە وردە وا سپی بوو!!!**

## دایکم سەروەت و سامانمە ٣

هەرلەمنداڵییەوە حەزم دەکرد خاوەن کیانی خۆم بم و بۆخۆم پارە پاشەکەوت بکەم، زەمانی گرانییەکەی دوای ڕاپەرین بوو، شتومەك گران بوو، وەك ئێستاش نەبوو کوشتوکاڵ کردن لە گوندەکان لەبرەو دابوو، جگە لەوەی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەمان بەکوشتوکاڵەوە خەریك بووین. کۆتایی بەهار بوو، فاسۆلیامان هەموو ڕنی بوو، دانەدانەی دەنکە فاسۆلیا وەریبو و کەوتبووە قەڵشتی زەوییەکەوە، ئەوکات زۆر سەیر بوو کیلۆی فاسۆلیای وشك دەگەیشتە پەنجا دینار، ئەم جۆرە فاسۆلیایە پێیان دەوت (نیگارە)، تەنها بەتەڕی دەفرۆشرا و دڵیان نەدەهات بەوشکی دەنکەکەی بۆخواردن بەکار بهێنن، بۆ ئەم مەبەستە جۆری تر هەبوو. منیش تورەگەیەکم دەست دایێ و دەستم کرد

[٣] - لە ساڵی (٢٠١٧)دا لە ڕۆژنامەی هەولێر بڵاوکراوەتەوە.

بەکۆکردنــەوەی دەنکــە فاســۆلیا لەزەوییەکــەی خۆمــان، دەستم دەخستە قەڵشت و کونە مێرولەشەوە بۆئەوەی زۆرترین دەنکە فاسۆلیا کۆبکەمەوە.

بــەیانیان زوو ترمۆزکەیــەك ئــاوی ســارد و نــەختێ خــواردنم لەگــەڵ خــۆم دەبــرد و تــا ئێــوارە خــەریکی کۆکردنـــەوەی دەنکـــە فاســـۆلیا دەبـــووم، لـــەماوەی حەفتەیــەك تــوانیم شــەش کیلــۆ فاســۆلیا کۆبکەمــەوە، بردمە بازار کیلۆم بە پەنجا دینار فرۆشت، بایی سێ سەد دیناربوو، پشتی ماڵەکەمان حەسارێکی گەورەبوو، حــەوت ســەد مــەتر دەبــوو، مانگایــەك و نــەختێ پەلەوەرمان هەبوو، بەدوای ئەوە دادەگەڕام بەم پارەیە کاوڕێك بکڕم و قەڵەوی بکەم و بیفرۆشم، ئینجا بە پارەکەی شتێکی تری پێبکڕم، خەیاڵەکانم بەربڵاو بــوون، دەمــوت ئــەم کــاوڕە بــاش قەڵــەو دەکــەم و دەیفرۆشم، بە پارەکەی سێ کاوڕی تری پێدەکڕم، کە

ئەوانیشم دابەستا و قەڵەو بوون و فرۆشتمن، ئینجا دەتوانم هەنگاوی تر بهاوم و شتی تر بکڕم و دەوڵەمەند بم. پاش دوو ڕۆژ عەولە سوورم دیت، ئەو بەردەوام بەنێو کۆڵانەکانی هەرمۆتەدا گەڕەسیسەی بوو و دەچووە گوندەکانی تریش، مەڕومالاتی دەکڕی و دەیفرۆشتنەوە.

- کاك عەول چۆنی.

+ سەرچاو، باشم.

- دەمەوێ کاوڕێك بکڕم.

+ عەولە سوور کەمێ ڕاما و وتی: هەمە، وەرە بابڕۆین، لەگەڵی چوومە ماڵی عەمان، کە هەر لەنێو گوندەکە بوو، وتی تۆ لەبەردەگا ڕابووەستە ئێستا کاوڕێکت پیشان دەدەم، چووە ژوورەوە، دە خولەکێکی پێچوو، کاوڕێکی هێنا.

- زۆر لەڕ و لاوازە.

**+ گەر خزمەتی بکەی قەڵەو دەبێ.**

**ـ باشە بای چەندە؟**

**+ بای سێ سەد و پەنجا دینارە.**

**ـ گرانە، بۆمن دەست نادات.**

**+ بە سێسەد و بیست دینار دەتدەمێ.**

**ـ نەوەڵا بە دوو سەد و نەود دینار بمدەیێ.**

**کـەمێ بینـەو بـەردە و هـێن و منهێنمـان کـرد، بـە سێسـەد دینـار پێیـدام، منـیش پـارەی فاسـۆلییەکەم لـە باغەڵ نابوو، لە مستیم کرد و زۆر دڵخۆش بـووم، پـەتی کاوڕەکەم ڕاکێشا و بردمە ماڵەوە، هەر دەیباڕاند، تومەز لـەو شـوێنەی هێنـام لەگـەڵ کـاوڕی تـر بـووە. ئـەو دە خولەکـەی کـە ئـەمنی لـەدەرەوە ڕاگـرت ئـەو دووسـەد و بیست دیناری دابـووە عـەمان و بەسێسـەد دینـار بـەمنی فرۆشتەوە، دواتر زانیـم هەر پازدە خولـەکێك بەرلـەوەی من بە عەولە سوور بڵێم کاوڕم دەوێ ئـەو بـە دوو سـەد**

دینار دابوویە عەمان. ئینجا خوادەزانێ عەولە سوور بە سەد و چەند دینار ئەم کاوڕەی کڕیوە، ئێ((مامەڵە عەشق و ڕەزایە))، ئەمە ئاساییە. بردمە حەسارەکەی خۆمان، لەبن دیوارەکە بەستمەوە، بەناو حەوشەدا گەڕام، سێ چوار باسکە دار و دوو سێ چەرەگە و دووسێ تەژگەم دۆزییەوە، هەندێ پەردوو و دار و دوورم کۆکردەوە و کەپرێکم بۆ دروستکرد، چوومە ڕەزی هەرمۆتە و چەند باوەشێك پەرتەکە چنارم بڕییەوە و هێنام و کەپرەکەم جوان دامەزراند. ئینجا هەر لە حەوشەیماڵەوەمان مەنجەڵێکم پەیداکرد، ئاوی ساردم بۆ تێکرد، نەختێ قوڕم گرتەوە و ئاخوڕێکی باشم بۆ دروستکرد. کاوڕ تا سێ چوار ڕۆژی یەکەم هەر دەیباعاند، دواتر ڕاهات، دەنگ و باعە باعی کەم بووەوە، ڕۆژانە دەچوومە نێو شینایییەکەی خۆمان چارۆگێك گیام بۆ دەدوری، کاو و جۆشم دەدایێ و

هەمیشە ئاوی ساردی بیرم بۆ دادەنا، حەفتەی جارێك بۆ دووجار ورتکەنان و خوێم دەدایێ، یان پەلکە شوتیم پارچە پارچە دەکرد و خوێم پێوەدەکرد، ناوبەناویش لە حەسارەکە بەرم دەدا و بۆ خۆی نیو دەمژمێرێك قۆشمەی دەکرد، ماوەی دوو مانگێك بەخێوم کرد، وردە وردە مەڕ و ماڵاتیش نرخەکەی گران دەبوو، کاوڕەکەش نەختێ هەڵیدابوو، ڕۆژێکیان عەولە سوور هاتەماڵمان وتی: کاوڕەکەت لێدەکڕم و قازانجت دەدەمێ.

- وتم من کاوڕ نافرۆشم.

+ حەزدەکەم بیبینم، کاوڕەکەم پیشاندا، تەماحی لێنیشت و وتی: سێسەد و پەنجا دینارت دەدەمێ.

- نایفرۆشم.

+ زیاترت دەدەمێ.

- زیاتریشم بدەیتێ هەر نایفرۆشم.

ڕۆیـــی و پـــاش تێپـــەڕبوونی پـــازدە ڕۆژی تـــر، لـــە گردەشینەوە بەپێیان لەگەڵ باوکم هاتبوو، لە ڕێگا زۆر حیکایەتی بۆ کردبوو تاوەکو کاوڕەکەی بـدەینێ. بـاوکم وتـی: قـازانجی باشـی داویـەتێی دەڵـێ بـۆی دەکەمـە سـێ سـەد و شێسـت دینـار، بۆنایفرۆشـی؟ وتم: نایفرۆشـم. زۆری هەوڵـدا نەمـدایێ، هـەرجارە و منـی لـە هـەر شوێنێك دەبینی دەیوت لێتـدەکرم، منـیش دەمـوت هـەر نایفرۆشـم، کـە زانـی لەگـەڵ مـن بـێ سوودە و نایـدەمێ دووسێ جاری تریش بە بـاوکمی وتبـوو، بـاوکم وتبـووی نایفرۆشـین. پـاش تێپـەڕبوونی سـێ مـانگی تـر، واتـە کاوڕەکـە ئـەوکات نزیکـەی پێـنج شـەش مـانگ دەبـوو خزمـــەتم دەکـــرد، زۆر بـــاش قەڵـــەو ببـــوو، لواکـــەم بڕیبووەوە، ناوە ناوە بەئاوی سارد و تایـت دەمشووشـت، زۆر قەڵـەو و سـپی و جـوان بـوو و دونگـی لـەزەوی

دەخشـی، بـەس مـن پـێم بـاش بـوو مـانگێکی تـریش دایبەستم ئینجا بیفرۆشم.

ڕۆژێکیان لە حەسارەکە توتنمان دادەگرت، مـن و دوو خوشــکم ڕســتە توتنــەکانمان دەدایــە دەســت بــاپیرم و سـەرقاڵی ئـەم ئیشـە بـووین، لـەپڕ عەولـە سـوور هـات، بـەڵام ئـەم جارە نەخشـەیەکی دانـابوو بـۆ ئـەوەی هـەر چــــۆنێ بێـــت کاوڕەکـــەم لـــە دەســـت دەربێنـــێ، چاکوخۆشـییەکی گـەرمی لێکـردین و شـانی بـاپیرمی ماچــکرد و خـــەریك بـــوو دەســـتی مـــاچ بکـــا، بـــاپیرم نەیهێشـت، ئینجـا عەولـە سـوور خـۆی خسـتە سـەر چیچکان و تەزبیحەکـەی دەرهێنـا، خـۆی زۆر مـەلوول و لێقەوماو پیشاندا و دەستیکرد بـەدرۆکردن و وتـی: مـام عیسـۆن مـن هەمیشـە ئێـوەم بـە پیـاوی بـەڕێز زانیـوە، لێمانقـەوماوە و ئەگـەر یارمـەتیمان بـدەن، دەم و چـاوی سوور ببوونەوە خەریك بوو بگرێت!!

**ـ مام عیسۆن: فەرمووو چی بووە؟!**

**عەولە سوور ڕەنگی ئەوەندەی تر سوور ببوو، دەستی دەلەرزاند، کوڕە مام عیسۆن بەهانامانەوە وەرن خێرتان دەگاتێ.**

**ـ مام عیسۆن دەبڵێ بزانم چی بووە!!؟.**

**+ ئەوەی ڕاستی بێ (سیروان)ی ئامۆزام گیراوە، بەرپرسێکی حیزبی وتوویەتی کاوڕێکی باشم بۆ بێنە، وادەکەم سیروان بگەڕێنینەوە، خۆت دەزانی لەدوای شەڕی ناوخۆ شیرازەی شتەکان پچڕاوە، ئێستاش بەم عەسرە درەنگە هیچ شوێنێکی ترم پێ شك نایێ هاتوومەتە بەردەرگەتان، ئێمە دۆستی دێرینین، بارەکەمان کەوتووە، ئەگەر بۆمان ڕاست بکەنەوە، هەتا مردن ئەو چاکەیە لەبیرناکەین، بەخوا ئەم ئێوارەیە کاوڕەکە نەگەێنمە دەست ئەم بەرپرسە (سیروان)ی ئامۆزام دەکوژرێ!!**

باپیرم، پەکو پەکو!! حەك وەڵا شتێکی ناخۆشە، بیبە بیبە، هەرپارەش نەدەی دەتدەمێ، کە باپیرم ئەم قسەیەی وت زارم وشك بوو، وتم نایدەم، عەولە سوور وتی: چوارسەد و پەنجا دینارت دەدەمێ، وتم نایدەم.

باپیرە عیسۆن وتی: بۆ نایدەی پارەیەکی باشی داوەتێی، وتم نایدەم. مام عیسۆن تووڕەبوو وتی: دەبڕۆ مامەڵە کەوتۆتە دەست منداڵان، کابرا لێی قەوماوە!! بیدەیێ.

وتم: کەیفی خۆیەتی، دەمزانی درۆدەکا و دەیەوێ هەرچۆنێك بێ کاوڕەکەم لێوەربگرێ.

باپیرم تووڕە بوو وتی: هەی بەدمەزەبی بەدعەمەل، جکسس دمۆر...هەرچی جنێوی سەردەمی ئادەم حاوابوو پێی دام، باپیرم پێی وت: بیبە کاوڕەکە ببە، هەر کەوای وت عەولە سوور پەتەکەی کردەوە، وەخت بوو لەخەفەتان بمرم، منیش ئەوندە تەریق بوومەوە

لەبەر ڕێزی باپیرم هیچ قسەم نەکرد، عەولە سوور چوارسەد دیناری دایە باپیرم و وتی: لەوەشیان دەبێ پەنجا دینارم لێوەرنەگرن!! چونکە من بەپیاوەتی دەیدەمە ئەم بەرپرسە، ئێوەش یارمەتییەکمان بدەن، ئەوەندەی تر لەشوێنی خۆم وشك بووم لەبەر خۆمەوە هەندێ پرتەو بۆڵەم کرد، ڕووح لەجێیەکی قایمە و نایەتەدەر، پارەکەی دایە باپیرم و بەڕاکێش ڕاکێش کاوڕەکەی برد.

هەردوو خوشکە بچووکەکەم و دووسێ منداڵی گەڕەك کەوتنە دووی عەولە سوور و هاواریان دەکرد: دزە، دزە، مەیبە، مەیبە، بەڵام ئەو هەر گوێشی بەم قسانە نەبزوا و بردی، تا گەیشتە پردۆکەکەی نزیك ئاوایی، هەر سەیری کاوڕەکەم دەکرد، ئیتر کە گەڕامەوە لای باپیرم پارەکەی دامێ و منیش بردمە ژوورەوە و چوومەوە لای باپیرم، کەمێکی تر ئیشمان کرد. ئەو

ڕۆژە زۆر خەمبار بووم، منی مێردمندالێ تەمەن دوازدە سێزدە ساڵ، هەستم کرد بەغەدر لێی وەرگرتم، خۆ ئەگەر بەرەزامەندی خۆم بوایە و بیگوتبوایە مەڕ و ماڵات شکاوە و پارەناکا هەردرۆیەکی تری بکردایە ئاسایی بوو، بەڵام نەك درۆی ئاوا!! من نیەتم کردبوو پاش مانگێکی تر نرخی بازاڕ وەربگرم، ئینجا بیفرۆشم، ئەو شەوی خەو بەتەواوەتی لەچاوم نەدەکەوت، خەونی پچڕ پچڕم دەبینی، خەونم بینی کاوڕەکەم لەنێو پەڵە هەورەکانی ئاسمانە و بەتەك هەورە سپییەکان ڕادەوەستاو وا تێکەڵی پەڵە هەورەکان دەبوو، تەنها بەچاوە ڕەشەکانی دەمناسییەوە، کە دەچووە پشت پەڵە هەورەکانەوە، دڵم توند دەبوو و لەبەر چاوم ون دەبوو، بەڵام کاتێ لەدووی دەگەڕام خرپلەکەی گەردەنی ترنگەیەکی لێوەدەهات و لە پەنا گەوە هەورێکەوە دەمدۆزییەوە، هەرچەندی دەمکرد

پەتەکەم بەردەست نەدەکەوت تا بیگرم و بیهێنمەوە، بەڵام زۆریش دوور نەدەکەوتەوە، ناوەناوە دەیباڕاند و پووش و سەوزە گیای قەتپاڵی هەورەکانی دەخوارد. بەرەبەیانی کەمێ خەوتم. کە لەخەو هەڵسام وەك بڵێی دڵم خەبەری دابوو، خۆم گۆڕی و چومە حەوشەی پشتەوە، هەواری خاڵی، هیچم نەبینی. بەپێیان چوومە بازاڕی شاری کۆیە، بەدوکانی قەسابەکاندا هاتمەخوارێ، بینیم کاوڕەکەم لەبەردەم دوکانی قەسابێك بەدینگەیێکەوە بەستراوەتەوە، واقم وڕما!! چومە لای کاوڕەکە دەستم بەسەر و گێلاکی داهێنا، کاوڕەکە ناسیمیەوە و باعاندی و دەست و پەنجەی لێستمەوە، منیش ڕاستەوخۆ چووم بە قەسابەکەم وت: ئەم کاوڕە هی منە!!

+ بۆ هی تۆیە، من کڕیومە.

- بەچەندت کڕیوە؟

**ـ لەکوێت کڕیوە ؟**

**+ لەعەولە سوورم کڕیوە، بە هەشت سەد و پەنجا دینار. نەمدەزانی چی بکەم، بەسەرهاتەکەم بۆ قەسابەکە گێڕایەوە، پێکەنی و وتی: جا من چی بکەم، من کڕیومە، لەناکاو عەولە سوور بەسینگ دەرپەڕاوی لەگەڵ دوو جامبازی تر بەرەو لای قەسابەکە دەهاتن، ڕاستەوخۆ یەخەم گرت: عەیب ناکەی ئەو فێڵەت لەمن کرد، درۆزن هیچ و پوچ ئەو سەر و ڕیشە لە سیمایی تۆ ناوەشێتەوە... عەولە سوور دەیویست بەهەر چ بارێك بێ و هەرچۆنێك بێ لەبن دەستم دەربچێ، قەسابەکەش هەندێ قسەی پێ وت، بەڵام ئەو سۆنەبوو بە کۆڵانێکا ڕایکرد و لەدەستم دەربازی بوو، بەخەمباری هاتمەوە ماڵ و هەموو شتێکم بۆ ماڵەوە گێڕایەوە، (سەفین)ی برام دەیوت: بەوناوە دابێ دارکاری دەکەم، باوکیشم دەیوت: لێی گەڕێن من خۆم بیبینم هەندێکی**

**دەشـــۆمەوە، ئـــیتر دەگەیشـــتمە هەرجێگەیـــەك ئـــەم بەسەرهاتەم دەگێڕایەوە و خەڵكیش پێیان دەوتەوە.**

**ئێستا دەست مایەكەی من چوارسەد دینـارە، باشـبوو جۆیەكـەم نـەدەكڕی، چـونكە هـی خۆمـان بـوو دەنـا (سەرباری لەبن باری گرانتر دەبوو). ماوەی حەفتەیـەك پارەكەم لای خـۆم هێشـتەوە لـەبیری ئـەوە دابـووم خـۆم بچمە مەیـدانی حـەیوانان و دوو كـاوڕی تـری پێبكـڕم و بەهــەمان دەردەســەری بــەخێویان بكەمــەوە، ئــەوكات هەموو ئەندامانی خێزانەكەمان ماندوو بوون، شەو ڕۆژ خـــەریكی ئـــیش بـــووین، كەچـــی(نانمان بـــەدۆ ڕانەدەگەیشت)، پارە زۆر كەم بوو و بەری نەدەگرت، لـە سـەین و بـەینی ئـەوەدا بـووم، بـەڵكو بـەو پارەیـە دوو كاوڕی پووخەڵە بكـڕم، بـەڵام دایكـم زۆر نـەخۆش بـوو، هەموو گیانی دەئێشا، وتیان بڕۆن (پووره وەردیە) بێنن با نەختێ بیشێلێ، (پووره وەردیە) هات ئەوەندەی شێلا تـاوەكو شـان و ملـی هـەموو گوانـد، تەندروسـتی دایكـم ئەوەنـدەی تـر تێكچـوو، دەنگـی دەرنـەدەهات و ڕۆژانـە**

**بەکز و داماوی دەگریا، ڕەنگی پەڕیبوو، هێـزی ڕۆشـتنی نــەمابوو، بــاوکم و ئەنــدامانی خێــزان هەرخــەریکی کوشتوکاڵ و کارتەو چۆتەی توتن بوون، تا کـار گەیشـتە ئەوەی تەندروستی دایکـم نـاجێگیر بـوو، بـاوکم بردییـە لای دکتۆرێکی کۆیـە، بـەڵام پسپۆڕی ئـەم بـوارە نـەبوو، بۆیە دەرمانەکانی هیچ سوودێکیان نـەبوو، تـاکو ئـەوەی ناسیاوێکمان هاتە ماڵـەوەمان و وتـی: ئـەوە چـی دەکـەن تووتنی چـی و حـاڵی چـی، ئـەو ژنـە نەگەێننـە هـەولێر دەمرێت!! ناونیشانی دکتۆرێکی پێـداین و وتـی: بیبەنـە ئـەوێ چـاك دەبێتــەوە، بـەیانی هـەر چـۆنێ بـێ دایکـم خۆی گۆڕی و باوکم خـۆی ئامـادەکرد، بـەڵام بـاوکم زۆر شڵەژابوو، پارەی دکتۆر و ئەو مەسرەفەی نەبوو، خزم و کەسیش هەمووی وەزعیان لەئێمە خراپتر و پـەرپووتتر بـوو، بـەدایکمی دەوت هەنـدێ پـارە لـە کـێ وەربگـرین تابتبەمـە هـەولێر، ئـەویش بـە خەمبارییـەوە دەیـوت نازانم! منیش کە بار و دۆخەکەم بەم شێوەیە دیت، وتم من پارەم هەیە، دایك و باوکم گەشانەوە، ڕێك چوارسەد**

دینارەکەم دایە دەست باوکم و وتم خێرا دایکم بگەیێنـە دکتـۆرێکی بـاش، دایکمـی بـردە لای دکتـۆرێکی بـاش لـە هەولێر، حەب و دەرمان و چارەسەرەکانی بۆ نووسیبوو، بەکرێی ئۆتۆمبیل و بە پارەی داو و دەرمان بەجرِە جرِ پارەکـە بەشـی کردبـوون، هاتنــەوە مـالّ رِۆژ بــە رِۆژ تەندروسـتی دایکـم باشـتر دەبـوو، دوای تێپـەرِبوونی حەفتەیــەك دایکــم وەك گــوێزی ســاغی لێهاتــەوە و ئەندامانی خێزانمان زۆر دلّخۆش بووین، لە دلّی خۆمـدا دەمــوت ئێســتا زۆر دەولّەمەنــدم، دایکــم ســەروەت و سامانمە دەولّەمەندی ترم ناوێ.

هاوژین سڵیوە

## لەنێو پاسدا [4]

دوای ئـــەوەی هەنـــدێ شـــتومەکم کـــڕی، دوو ســـێ عەلاگەم بەدەستەوە بوو بەرەو ڕووی پاسەکان چووم، باشـــبوو زوو خـــۆم گەیانـــدێ، لـــەدوای منـــەوە بـــووە، قەرەپەستەو تا ناو دەرگا خەڵك بەپێوە ڕاوەستابوون، هەنـــدێکیش دەســـتیان بەشیشـــی پاســـەکەوە گرتبـــوو. کـابرای شـوفێر هـاواریکرد، دەرگاکـە دابخـەن، دەڕۆیـن. بەهارێکی خۆش بوو، باران بەدەستە زلەکانی لە جامی پاســـەکەی دەدا، دیمـــەنی ڕێگاوبـــان زۆر جـــوان بـــوو، شـوفێری پـاس گـەنجێکی چاوشـین تـابلێی قـۆز بـوو، کراسێکی ڕەشی نیوقۆڵی لەبەردابوو زنجیرێکی زیوی وەك توولـەمار لـەملی ئاڵانـدبوو، ژمـارەی موبایلەکـەی بەگـەورەیی لـەجامی پاسـەکەی دابـوو، گـەز و گـوڵێنگی لەوسەری جامەکەوە بۆ ئەمسەری جامەکە هەڵواسیبوو،

---

٤ - لە ٢٢-٧- ٢٠١٦، لەژمارە (٢٤١٤)، ڕۆژنامەی هەولێر بڵاوبۆتەوە.

هەمووی کردبـووە مەدالییـەو مـت و مـۆری، لەسـەرووی ئاوێنەکەوە چاویلکەیەکی ڕەشـی دانـابوو، لـەلای چـەپی پاسەکە نووسیبووی خۆشەویستی چاوجوان، وێنەیـەکی خـــۆی کـــە لەگـــەڵ پاســـەکەی گرتبـــووی و لـــە چوارچـــیوەییێکی بچـــوکی نـــابوو و بەلاســـتیکێکەوە بەجامەکـەی نووسـاندبوو، تـــەزبیحێکی قــەزوانی لــە مەچەکی خۆی ئالآندبوو. زۆر گرینگی بـەپاکو خـاوێنی پاســەکەی دابــوو و دەترســکایەوە، کاســێتی حەســەن زیرەکی لێدەدا، (وەك قـومری سـەرپاڵم شـینە....)، نێـو پـــاس هەنـــدێ چپەچـــپ و دەنگـــەدەنگ هـــەبوو، وەڵێ هەنـدێ کەسـیش بـەبێ دەنگـی سـەیری دیمـەنی بـاران بارینەکـــەیان دەکـــرد، ژن و پیاوێـــك لەپشـــتمەوە دانیشـتبوون، هـەر فسـکە فسـکیان بـوو و پێدەکـەنین، سـەیرم کـرد کـاکی شـوفێر لـە ئاوێنـەوە، زۆر دەڕوانێتـە گۆشـەی دەسـتە ڕاسـت، دەبیـنم لەگـەڵ کچێکی تـازە

**هەڵچووی نـازدار چاوچـاوانێیانە، کچـێکی سـپی پێسـت تەمـەن حەڤـدە سـاڵان، دەم و چـاوێکی لـوس و جـوان، لـوتێکی بچـوك و دوو چـاوی ڕەش و گـەورە، بەدییـەکی پەمبـەی کـاڵی لەبـەردابوو، پرچـی کردبـووە پـەلك، خاڵێکی ڕەش بەگەردنییەوە بوو، تـابلێی ناسـك و جـوان بوو، پاس گەیشـتە ویسگەیەك، پیرەژنێـك هـاواری کـرد، کاکە دابەزین هەیە، پاسەکەی ڕاگرت، پیرەژنەکـە پـارەی نەدابوو، تاپارەی دەرهێنـا، کـابرای شـوفێر هەرخـەریکی چاوبازی بوو، کچەش لە ئاوێنەوە مەیلی دەدایێ و پڕپڕ بووبوو لە حەز و جوانی.**

**ـ فەرموو دابەزن.**

**ـ پیرەژن هەرخەریکی قسەکردنە...**

**ـ پیاوێك بەجواب هات، ئەرێ تێر قسە نەبوون.**

**ـ پیرەژن بەتووڕەییەوە هاتەخوارێ و چەند کەسێکی تر بەدوای وییەوە دابەزین، کاکی شوفێر نەترێکی لێـدا، دە مەترێك ڕۆیی پیرەمێردێك هاواریکرد منیش دادەبەزم.**

هاوڵاتییەك: ئەی بۆ دەنگت نەكرد تازە ڕایگرتبوو.
پیرەمێرد بەخۆیی و گۆچان و دوو عەلاگە و چەترێكەوە، وەردە وەردە هاتە پێش و دابەزی، كاكی شوفێر هەر خەریكی چاوچاوانێیە.
هاوڵاتییەك: كاكە بڕۆ.
بارانەكە ڕاوەستا و خۆرەتاو بەدەركەوت، دەنگی حەسەن زیرەك سۆزێكی گەرمی پێبەخشیبوون. پاس ڕۆیی تاگەییە وێستگەیەكی دیكە، هاواریان كرد دابەزین هەیە دوو ژن و كچێك بەرزەپێ بوونەوە تاوەكو داببەزن.
كچەی چاوخومار هەر لە ئاوێنەكەوە چاوی لە چاوی كاكی شوفێر دەكرد تا ناودەرگا، ئینجا بەرلەوەی لەنێو دەرگا دابەزێ كاكی شوفێر گورگە ئاوڕێكی دایەوە و بەئاستەم چاوێكی لێداگرت. كچەی شۆخ و شەنگ ئەوەندەی تر ئاوری تێبەربوو، دایكی و ژنەكەی تر بەرە و ڕۆژهەڵات ڕێگەیان گرت، كچەكەش بەرەو ڕۆژئاوا ڕێیگرت تا دەمەترێك لە دایكی دوور كەوتەوە،

دایکی هاواریکرد ئەوە کێوە دەچی. ئینجا کچە بەهۆش خۆی هاتەوە، بەشەرمەوە ڕووی خۆی وەرگێڕاو هەنگاوی نا بەرەو ڕووی ژنەکەو دایکی، کاکی شوفێر دابوویە قاقای پێکەنین، حەسەن زیرەکیش گەیشتبووە (گەوهەرێ گیان گەوهەرێ...)، منیش لەشوێن خۆمەوە زەردەخەنەیەکم گرتبوو، سەیرێکی شەقامە ترسکەدارەکە و چیمەنی دەوروپشتی شەقامەکەم دەکرد، کە خۆرەتاو تازە گەرای لەنێو دانابوو، ئەم دیمەنانە زۆر لە فیلم و زنجیرە دۆبلاژکراوەکان خۆشتر بوون، عیشق و ڕوانین بۆ جوانی زۆر پێویستە، بۆیە ئەو گەنجانەی شوفێری دەکەن، دڵیان زۆر تەڕە و هەمیشە مت و مۆری بە پاسەکانیان هەڵدەواسن و پاسەکانیان پاك و خاوێن ڕادەگرن و پیشەکەی خۆشیان زۆر لا خۆشەویستە.

# باجەویك بگۆڕین ٥

حەفتەیەك بەر لە ڕۆژی لەدیکبوونی کوڕەکەی، تەکبیریان دەکرد، دەبێ ئەمساڵ یادکردنەوەی بەشێوەیەکی شایستەتر بکەنەوە. خزم و کەس زیاتر دەعوەت بکەن، ئەوا کوڕەکەیان تەمەنی بووە حەوت ساڵ.

ـ خەزار: پیاوەکە من پێشنیار دەکەم لە هۆڵی (گالەکسی) لە عەنکاوە ئەم یادە بکەینەوە.

+ بێستوون: باشە لەجێی خۆیەتی، ئەی ماڵی دونیا بۆچییە گەر خەرجی نەکەین.

ـ ئەوێ شوێنێکی خۆشە، خزمەت گوزارییەکانی باشن، بەس دەبێ ڕۆژێك پێشتر بچین، پێیان بڵێین کێکەکەمان چۆن بێ و مۆمەکان و دیکۆری هۆڵەکە

---

٥ - لە ٨-٨- ٢٠١٦، لەژمارە (٢٤٢٤)، رۆژنامەی هەولێر بلاوبۆتەوە.

چۆن بن، دیکۆری ئەو شوێنەی کوڕەکەم لێی دادەنیشێ، هــەموو دیکۆرەکانیــان بەوێنــە هەیــە، کــە چــووین ئــەلبوومی وێنــەکانمان دەدەنــێ، بۆخۆمــان شــتەکان هەڵدەبژێرین، ئیشەکانی تر خۆیان دەیـزانن، خـواردن و خواردنــەوە و جۆرەهـا مـەزە و تـەرتیبات. پیاوەکـە دە ئێسـتا تەلـەفۆن بـۆ خـاوەن هۆڵەکـە بکـە، بـەڵکو ڕۆژی یەکشەم هۆڵەکەمان بۆ ئامادە بکەن.

- باشە هەر ئێستا.

هۆڵەکـە گـیراو بـۆ ڕۆژی دوایـی چـوون جـۆری دیکـۆر و هەموو شتەکانیان هەڵبژارد.

- خـەزار: ئێسـتا زۆر ئاسـوودەبووم، شـتەکان هـەمووی بـەدڵی خۆمـان دەبـن، بـەخوا هـەرزانیش بـوو خزمـەتی ئـەم هـەموو کەسـە لـە شـەوێکدا بکـەن هەشـتا گـەڵا پارەیەکی وانییە. ئـەها بـەس ئـەوە مـاوە، بچـم بەدلـەی خـۆم و کچـەکەم بکـرم قـاتێکی جـوانیش بـۆ کوڕەکـەم

بکرم، بێستوون تۆش بچۆ بۆ (ماجیدی مـۆڵ) قـاتی زۆر نازداری تێدایە، قاتێکی ڕەش و بۆینباغێکی سوور بکرە، پـێڵاوی ئیتـاڵی جوانیـان هەیـە، ئـەویش بکـرە، دەبـێ لیســتێکیش بکــەین، هەنــدێ دەر و جــیران و خــزم و کەسیش بانگهێشت بکەین، دەبێ لە ساڵی پار قـەرەباڵغتر و خۆشتر بێـت، بـۆ ئـەو مەبەسـتە پێویستمان بـەکارتی جوان هەیە.

ـ باشە سبەی دەچم و ئیشەکان جێ بەجێ دەکەم.

کاتەکان نزیك بوونەوە، ڕۆژی بۆنەکە هـات، بێستون و خەزار و نازەنین و هەڵگورد، سواری ئۆتۆمبیلە ئـاخیر مۆدێلەکـەیان بـوون و لـە گـەڕەکی ڕوناکییـەوە بـەرەو عـەنکاوە بەڕێکـەوتن، هۆڵەکـەیان بینــی زۆر دڵخـۆش بوون، دار و دیواری بە دەبدەبەی پەمەیی ڕازابۆوە، هەر مێزە و مۆمدانێکی بەدیکۆری کرسـتاڵ، مۆمـەکان کزکـز دەسـوتان، شـوێنی هـەڵگورد، کورسـی و دیکـۆری پشـت

**کورسی وەك هی بوك و زاوا ڕازابووەوە، هەموو کورسی و مێزەکان وەك مرۆ لیباسیان لەبەکردبوون و پۆشتە و پەرداغ بوون، هۆڵ زۆر ڕازاوە بوو لەسەر مێزەکان بەشێوازێکی جوان جۆرەها میوە دانرابوو. هەشت نۆ شاگرد لەئامادەباشی دابوون بۆ دەستپێکی ئاهەنگ، تیپی میوزیك ئامادە و بە مۆسیقایەکی غەربی نەرم و لەسەرخۆ پێشوازی لەمیوانەکان دەکرا، لە دەمژمێر هەشتی شەوەوە تاوەکو دوازدەی شەو خواردن و خواردنەوە و هەڵپەڕین و کەیف و خۆشی بوو. پاش پیرۆزباییکردن، بەدڵێکی شاد هەموویان بەرەوماڵ گەڕانەوە، هێند شەکەت و ماندو بوون هەر زوو نووستن.**

**بۆ ڕۆژی دوایی خەزار بەمێردەکەی وت: بۆ جەوێك نەگۆڕین، خۆم و منداڵەکانم بێ تاقەت بووین، با بە لایەکدا بچین.**

- بێستوون: ئەدی دوێنێ خۆشترین جەومان نەگۆڕی!
بەر لەئێستا، نەمبردنە سلێمانی و دوو شەو لەوێ
ماینەوە و منداڵەكانمان بردە (چاڤی لاند)، خۆ ئێمە بە
بەردەوامی لە گەشتوگوزار داین، ساڵانە سێ چوار
سەفەری دەرەوەی وڵاتمان هەیە.

+ بەخوا پیاوەكە من لەمۆڵ و باخچەو ئەوشوێنانەی
هەولێر، بێزار بووم، پێشنیاز دەكەم، گەشتێك بكەین بۆ
لای ئەو دەشت و چۆڵەوانیانەی دەرەوەی شار، بەڵكو
جەوێك بگۆڕین.

- بێستوون: باشە خۆتان ئامادە بكەن، نیو دەمژمێری
تر بەڕێدەكەوین.

خێرا خێرا خۆیان گۆڕی و سواری ئۆتۆمۆبیل بوون و
بەڕێكەوتن، بۆ چەند ساتێك گوێیان لە گۆرانی گرتبوو،
دواتر بێدەنگی شكا.

+ خەزار: دوێنێ شەو لە سەر مێزەکەی ئێمە هەر باسی چارەگە موچە و نەبوونی پارەبوو، خۆ خەڵك نازانن باسی شتی تر بکەن، هەمووی هاواریان لێهەڵسابوو، دە جار لێیان پرسیم، ئەم ئاهەنگەتان چەندی تێچووە، هەر پێمدەکرا وەڵامیان بدەمەوە، کە دەموت هەشتا گەڵا، زاریان لێکدەپچڕاند و چاویان ئەبڵەق دەبوو.

ـ بێستوون: حەقیانە، موچەکەیان قوتی ژیانیانە، تۆ حیسابی خۆمان مەکە، قوربانی گۆڕەکەی باوکم بم، ڕیزە دووکانێك و دوو باڵەخانەی لە شەقامی بزیشکان بۆ جێ هێشتووم، مانگانە پێنج دەفتەر دۆلار کرێ وەردەگرین. حەقیانە نەبوونی قورسە. ئەتوو لەوە گەڕێ، ئەو ژنانەی باسی نەبوونی و موچەیان کردووە، ڕاستی ژیانی خۆیان خستۆتە ڕوو، دەزانمبارودۆخیان خراپە، لەسەر مێزەکەی ئێمە بیژەنە درۆزن دانیشتبوو، دەیوت لەم ڕۆژانە قەلێکم کڕی سی و پێنج

کیلۆ گۆشتی هەبوو، هەموو حەپەسابووین، هەر لەوێ کاك خەلیل بەجواب هات، وتی: قەلم بینیوە حەوت تا هەشت کیلۆش قەڵەو بێ، بەڵام بەم شێوەیەم نەبینیوە، بیلالی مامۆستا نەعمان ئینتەرنێتەکەی کردەوە، بەدوای قەڵەوترین قەل گەڕا، وێنەکەشی پیشان داین، هەژدە کیلۆ بوو. مشتوو مڕ بەردەوام بوو، وتم: با لە سەر بێژەنە درۆزن، توشی کێشەیەکیش نەبین. بێنمان پێوەنا هەریەکە پێکەکەی خۆی هەڵداو وتم هاوڕێیان ئەم شاییە زۆر خۆشە حەزدەکەم هەموومان بچین و پێکەوە هەڵپەڕین، قسەیان نەشکاندم و چووین، زیاتر بۆ ئەوەم بوو، بابەتەکە بگۆڕین، نەوەك کێشەیەکی لێ دروست بێت.

+ باشتکرد پیاوەکە، بەخوا پێکەنینم دێ، خەڵك چۆن دەتوانن درۆی وا بکەن.

ـ بێستوون: بە پێکەنینەوە، درۆکردنیش بووە بـە کیلـۆ، ئەو (بێژەن)ە درۆزنە حەڤدە کیلۆی خستە سەر.

+ خەزار: (بەپێکەنینەوە) حەڤدە کیلۆی درۆکرد!!

ـ (بە پێکەنینەوە) ئەوە هـەر لـە قەلەکـە حەڤـدە کیلـۆ، خۆ باسی زۆر شتی تـری کـرد، هـەمووی هـەر درۆبـوون، خۆ ئەگـەر هـەموو درۆکـانی بـە کیلـۆ بـۆ حیسـاب بکـەم دەگاتە تەنە درۆیەك.

+ هـ هـ هـ

بەدەم ڕێگاوە هەرقسەیان دەکرد تاوەکو لە کەسنەزان تێپـەڕین، نـازەنین و هـەڵگورد هەریەکـەو خـەریکی ئاپیادەکەی خۆیان بوون و ئاگایان لەهیچ نەبوو.

+ پیاوەکـــە، هەرچـــەندە دەرەوە زۆر گەرمایـــەو هاوینەکـــەی تووشـــە، بـــەڵام هەســـت دەکـــەم ئۆتۆمبیلەکەمان، تەبریدەکەی زۆر ساردە، ساردییەکەی

چـۆتە نێـو ئیسـقانم، کـەمێکی بکوژێنـەوە، بـا هەنـدێ هەوای گەرممان لێبدا.

ـ بێسـتوون: ڕاسـت دەکـەی ئـافرەت، هـەر چـوار جـامی ئۆتومبیلەکـــەیان کـــردەوە، وڕەبایـــەکی گـــەرم لـــە پەنجەرەکانەوە وروژمی کرد.

ـ خەزار: بایەکی چەند خۆشە.

دوێنـــێ نـــازەنین دەبدەبەیـــەکی لـــەو ســـەدان دەبدەبەیـــەی، کـــە بـــەدیوار و بنمیچـــی هۆڵەکـــەدا هەڵواســـرابوون لەگـــەڵ خـــۆی هێنابوویـــە نێـــو ئۆتۆمبیلەکە، هەڵبەز و دابەزی کرد و لە دیوی پشتەوە هاتە دیوی پێشەوەی ئۆتۆمۆبیلەکە و بـەلوتی بێسـتوون کـەوت و لـەجامی ئۆتۆمۆبیلەکـەوە دەرپـەڕی، لـەنێو شـەقام بەهەڵبـەز و دابـەز دەڕۆیـی، دیـاربوو نـازەنین و هەڵگورد هەر خەریکی ئایپاد بوون، تاوەکو ڕێگای خـۆی دۆزییەوە، ڕێك کەوتە نێو کەمپی ئاوارە لێقـەوماوەکانی

ئێزیدی، ئەو ئاوارانەی لە ترسی داعش ڕایانکردبوو، داعشی تاوانبار گەورەترین غەدری لە میللەتی کورد کردووە، بەتایبەتیش لە ئێزیدییە بێتاوانەکان، بەدرێژایی مێژوو قەتل و عام کراون، لە سەدەی هەژدەهەم ئێزیدییەکان چارەگە ملیۆنێك بوون، کەچی لە سەدەی نۆزدەهەم تەنها پەنجا هەزار کەسیان لێماوەتەوە، ئێستا کەمتریش بوونەتەوە، ئەم وڵاتە وڵاتی شەڕ و کوشتنە، خۆ ڕەشە کوژی ئەرمەنییەکان هەر دوێنێ پێرێ بوو، ئێستاش بە هەزارەها مەسیحی عێراق ئاوارەن! ئەوان تێپەڕین، بەنسیبی منداڵێکی پارچەرە بوو، کە یاری بەخۆڵ و خاشاك دەکرد، هەڵی گرتەوە، زۆر دڵخۆش بوو، دڵخۆشی ئەم منداڵە بەقەد ئاهەنگی دوێنێ شەوی هەڵگورد بوو، بەڵکو زیاتریش!! چونکە لای ئەوان ئاهەنگ و گەڕان و سوڕان پارە سەرفکردن سنوورێکی نەبوو، بۆیە چێژی شتەکانیشیان

زۆر لا کەم بووبووەوە، خۆ هەڵگورد دوێنێ پێنج دەقە لە سەر کورسییەکەی دانەنیشت و هەندێ خەریکی ئایپاد بوو، سەیری ئەو سەدان دەبدەبەیەی هەر نەدەکرد! دواتریش خەوی لێکەوت.

ـ سیروان: ئافرەت لەم ڕێیە خۆڵەوە لادەین زۆر خۆشە، شاڕێگایی چەند گوندێکە، بەبیرت دێ بەهاری پار هاتینە ئێرە.

ـ ئائا لادە، بەبیرم دێ، خۆشە... خۆشە.

لایان دا و چاویان بەدیمەنی ڕێگا و بان و دووسێ میگەلە مەڕ کەوت. ئۆتۆمبیلیان ڕاگرت و هاتنە خوارێ، یەك دوو خولەك خۆیان پێنەگیرا، لەبەر ئەم گەرمایە ڕایانکردەوە نێو ئۆتۆمبیل.

ـ خەزار: پیاوەکە، وابزانم زۆر گەرمایە وردە وردە بچینەوە ماڵ باشترە، ئەوا کەمێ وەختەکەمان ڕۆیی، دەی خێرا تەبریدەکە فۆل بکە گەرمایە... .

ـ بێستوون: باشە.

ڕووی ترومبێلەکەی وەرگێڕا، بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە سەر ڕێگای خۆی و بەرەو ماڵ ببنەوە، لە ناکاو بێستوون بینی پیرەکیسەڵێك لەدەم چەمەکەی خوارەوە هاتووە و لە خۆرە پۆتی دەم ڕێگاکە چەپۆکان دەدا و دەیەوێ لە ڕێگا خۆڵەکە بپەڕێتەوە.

ـ بێستوون: ئەوە کیسەڵە.

ـ نازەنین و هەڵگورد پێکەوە: باوکە ئۆتۆبیلەکەت ڕاگرە دەمانەوێ بیبینین، یاری لەگەڵ بکەین، ئۆتۆمبیلی ڕاگرت و هەموویان هاتنە خوارەوە، سەیریان دەکرد، کیسەڵ لەترسان خۆی لە قاوغ نابوو.

ـ باوکە من ئەم کیسەڵەم دەوێ، دەمەوێ بیبەمەوە ماڵ.

ـ کوڕم لای ئێمە ناژیێ و دەمرێ.

ـ ئاخر هەردەمەوێ.

**باوکیشی دوو دەسماڵ کاغەزی لە ئۆتۆمبیلەکەی دەرهێنا و کیسەڵەکەی خستە دیوی پشتەوەی ئۆتۆمبیلەکە.**

**نازەنین و هەڵگورد هەر ئاوڕیان لێدەدایەوە و سەیرێکی کیسەڵەکەیان دەکرد و پێدەکەنین، جامی ئۆتۆمبیل داخرابوو، تەبرید فول بوو، کاتێ کیسەڵ، لەترسان دەستیکرد بە غاز بەردانەوە.**

**-خەزار: ئەو بۆنە پیسە چییە؟**

**ـ بێستوون ڕەنگە، کیسەڵەکە بێ.**

**ـ خەزار: هەستە فڕێیدە دەرەوە وا گێژبووین.**

**ـ نازەنین و هەڵگورد: باوکە بەخوا فڕێی نادەین، دەیبەینەوە ماڵ.**

**ـ بێستوون: بەڕاستی بۆنێکی پیسی هەیە.**

هـەرجارەی لـە تاسـەی دەدا کیسـەڵ لەترسـان غـازی بەردەدایـەوە، تـا نـاو ئۆتۆمبیلەکـەی هـەموو ژەهـراوی کرد.

- خەزار: بیستوون فڕێیدە دەرەوە، مردم.

- هەڵگورد: نا دایکە خۆ ئەو کیسەڵە کارگەی غاز نییـە، غازەکەی تەواو بوو، ئێستا پاکەو دەیبەینە ماڵەوە.

کیسەڵ هەتا دەهات وەك کارگە هـەر غـازی بـەردەدا، دواتـر خـەزار خـۆی پێنـەگیرا جـامی ئۆتۆمبیلەکـەی کـردەوە، کـوڕە بیسـتوون مـردم ئۆتۆمبیلەکـە ڕاگـرە. نازەنین هاواریکرد: منیش گێژ بووم، ڕایگـرە. بێسـتوون ئۆتۆمبیلی ڕاگـرت، خـەزار کردییـە بۆعـە بـۆع و قوحـە قوح و هەرلەوێ ڕشایەوە، بێستوون و کوڕ و کچەکەشـی گێـژ ببـوون، بێسـتوون خێـرا خـۆی گەیانـدە چـەمەکەو دەمـوو چـاوی شووشـت، هەوایـەکی سـاف بـۆ سـییەکانی گەڕایەوە، وەلێ کوڕ و کچەکەی هەر گێژبوون، هێڵنجیـان

دەهات و ئیستیفراقیان نەدەکرد. بێستوون تووند دەم و لـووتی خـۆی گـرت و پـڕی دایـە کیسـەڵ و فڕێیدایـە دەرەوە. هـەر چـوار دەرگـای ئۆتۆمبیلەکـەی بۆماوەیـك کردەوە، تـاوەکو بۆنەکـە بـڕوات، کەچـی بـێ سـوود بـوو، هەمووگیانیان لە ئارەقەو ئاو وەردرا، لەبەر هەتاو سوور هەڵگـەڕابوون، ئـەوان کەسـانی بـەر سـپلیت و تەبریـد بـوون، وەك کرمـی نـاو دونگـێ فێـرە خـواردن و ئیسـراحەت بـوون، لـە وەتـەی ژیانیـان هـەبوو ئەوەنـدە خۆرەتاو لێـی نـەدابوون، خێـرا سـواری ئۆتۆمبیلەکـەیان بوونـەوە، وەڵێ هـەر گێـژ و هـوڕ بـوون، ئۆتۆمبیلەکـەیان ئەو بۆنە پیسەی گرتبوو و لێی نەدەبووەوە.

ـ پیاوەکـە، کـە گەیشـتینە سـەر شـەقامی گشـتی بـا بـە تەکسییەك بڕۆین، من بەرگەی ئەم بۆنە پیسە نـاگرم و دەمرم.

**- بێستوون: ئەی چی لە ئۆتۆمبیلەکەم بکەم، نانا بەرگە بگرن، بۆنەکە وردە وردە تەواو دەبێت، هەر چوار جامی ئۆتۆمبیلەکەیان کردبووەوە، وژەی بای گەرم لە بناگوێی دەدان، تا گەیشتنە ماڵەوە هەرچواریان هەر وڕ و گێژ بوون، بێستوون کەمێ لەوان باشتر بوو، بەپێکەنینەوە وتی: کەس هەیە بەم گەرمایە بچێتە شوێنی وا، بەخوا جەوێکی باشمان گۆڕی.**

# ئازاری ژیان [6]

ئێوارەبوو، من و دایك و باوكم چاومان بڕیبووە تیڤییەكەوە، ناوناوەش قسەمان دەكرد. دایكم وتی: بەڕاستی ئەو بەرنامەیەی ئەمڕۆ تۆماركرا لەوانی تر خۆشتر دەبێ. شلێر دەنگی زۆر خۆش بوو، كە گۆرانییەكانی دەوت كزەم لە جەرگییەوە دەهات و دەگەڕامەوە سەردەمی جحێڵی. باوكیشم بەپێكەنینەوە، بەرنامەكە خۆش دەبێ، ئەی دەیانوت (ئەسرین) و (هەورین) میزیان بەخۆیان داكردبوو، دایكیشم دەیوت: عەمریان نەمێنێ، هەندە بە شلێر پێكەنین، خۆیان بۆنەگیرا هەردووكیان میزیان بەخۆیانداكرد. باوكیشم وتی: ئەوان بە پاشەڵی بەمیزەوە گەڕانەوە ماڵەوە، بەڵام شلێر هونەری پێشكەشكرد، حەفتەی داهاتوو

---

٦ - لە ساڵی ٢٠١٦ لە ژمارە (٥٤) گۆڤاری ڕۆشنبیری كەلدان بڵاوكراوەتەوە.

لەبەرنامـــەی (ژیانـــەوەی لادێ)پیشـــانی دەدەن، هـــەر سـێکمان دامانـه قاقـای پێکـەنین، پـاش چـەند سـاتێك باوکم دایەوە قاقای پێکەنین پێکەنینێك ئاو لـە چاوانی دەهاتە خوارەوە.

- (بەزەردەخەنەوە) باوکە دیسان بەچی پێدەکەنی.

+ قسەی مام ئەپەم هاتەوە بیر.

- مام ئەپە چی وتووە؟

لەبەر پێکەنین نەیدەتوانی قسەبکات، هەرچۆنێ بـوو بەپچڕپچڕی وتی: مام ئەپـە دەیـوت: ئـەو قـون ئـاخوڕە دەڵێن میزی بەخۆیدا کردووە.

- کێ قون ئاخوڕە؟

+ (بەپێکەنینەوە)، هەورین هەورین...

لــەناکاو بــاوکم کۆنتڕۆڵەکــەی دەســت دایــێ و کــە ناڵەکـەی گـۆڕی، هەواڵـەکان بـوو، کـەمێکی تـر دەنگـی تەلەفزیۆنەکـەی خۆشـکرد، بـاس هـەر باسـی قـەیرانی دارایـــی و شـــەڕی پێشـــمەرگە و داعـــش بـــوو، لـــە

هەواڵێکیانـدا باسـی ئـەو پێشـمەرگەیەی دەکـرد، کـە لـە شاری هەولێر لەبەر نـەبوونی و نـەتوانینی دابینکردنـی پارەی کرێی خانوو خۆی کوشتووە، هەسـتم کـرد بـاوکم بـە هێمنـی دەگـری دایکیشـم فرمێسـك لـە چـاوەکانی قـەتیس مـابوو و وتـی: بەڕاسـتی مایـەی سەرسـووڕمانە دەڵێن پارەی نانخواردنیشیان لێدەگێڕنـەوە، منـیش وتم: دوێنـێ شـەو جومعـە کـانی لەلـەیی لـە فەیسـبوکەکەی خـــۆی بەســـەرهاتێکی ڕاســـتەقینەی لـــەبارەی پێشمەرگەیێکەوە نووسیبوو، بەڕاستی کاریگەربوو.

بـاوکم هاتـە وەڵام، چـی نووسـیبوو، منـیش ئـەوەی خوێندبوومـەوە بـۆم گێڕانـەوە: سێشـەممەی ڕابـردوو بەڕێکـەوت بـەلای چێسـتخانەکەی کـاك سـەردار دا تێپـەڕیم، پێشـمەرگەیەکم بینـی، کـە بەتـەنها بـەدیار کۆســتەرێکەوە دۆش دامــابوو، منــیش لێــی نزیــك کەوتمـەوە و پێمـوت:کاکـە هەسـت دەکـەم کـەگرفتێکت هەیــە، پێمخۆشــە لــە چارەســەرکردنی گرفتەکــەت هاوکاریـت بکـەم، ئـەویش بەمەلوولییـەوە وتـی: کێشـەم

نییـــە، منــیش وازم لێنــەهێنا وتم: کاکــە مــن خــەڵکی ئەمشارەم، ناهێڵم بڕۆی تاگرفتەکەتم پێنـەڵێی، ئـەویش ڕاسـتەوخۆ فرمێسـك بەچـاوانیدا هاتـە خـوارەو وتـی: هاوڕێکـانم چـونەتە ئـەم چێشـتخانەیە بـۆ نـانخواردن، بـەڵام مـن پـارەم پێنـەبوو تابچـم نـان بخـۆم، هاوڕێیـان باوەڕ بکەن ئەو پێشمەرگەیە بەکوڵ دەگریـا و هەنسکی دەدا، یـــەکێك لـــەهاوڕێکانی گـــوتی: زۆر هەوڵمانـــدا لەگـەڵمان نـەهات بـۆ نـانخواردن، بەدەسـت خـۆم نـەبوو دەسـتمکرد بـەگریان و پێشـمەرگەکەش لەبەرخۆیـەوە دەیگـوت: خـەمی خـۆم نییـە، خـەمی منداڵەکانمـە، کـە دەڕۆژە هـیچ پارەیـەکیان لەبەردەسـت نییـە، تەنانـەت کەس بە قەرزیش نایانداتێ.

دایك و بـاوکم پێشـتر ناخیـان جۆشـی دەدا و ئامـادەی گریـانێکی بـەکوڵ بـوون، هەرکـە ئەمـەم بـۆ گێڕانـەوە دایانـە پڕمـەی گریـان و منـیش لەگەڵیانـدا هـۆن هـۆن گریام.

# خەونی فەرمانبەرێك [7]

لـە ڕۆژێکـی هاوینـدا فەرمانبـەرێکی مانـدوو دوای ئەوەی لە فەرمانگە گەڕایـەوە، بێجامەکـەی لەبـەرکرد و دەست و قـاچ و دەم و چـاوی جـوان شوشـت، بـۆ ئـەوەی دەروونــی کــەمێك ئــارام بێتــەوە، پەرداغــە ئــاوێکی کەلەتــەزێنی خــواردەوە، لەســەر ســفرەی نــانخواردن دانیشـت و خێزانەکـەی بەپەلـە خواردنەکـەی بـۆ هێنـاو ڕووی لە مێردەکەی کردو وتی:

- پیاوەکە غاز و برنج و شەکرمان نەماوە.

- باشە ئافرەت.

دەســـتیکرد بـــەخواردنی تەماتـــەو ڕۆن و چـــەند پەرداغــە ماستاوێکیشــی خــواردەوە، دوای ئــەوەی لــە نــانخواردن بــووەوە، هێنــدە مانــدو بــوو توانــای نــەبوو دەست و دەمی بشوات، لەسەر دۆشەکێکی تەنك و شیتاڵ

---

7 - لەساڵی ٢٠٠٩ لە ڕۆژنامەی کوردستان بڵاوکراوەتەوە.

**شـــیتاڵ ڕاکشــاو ســەرینەکەی خســتە بنســەری و یــەك دووجار سـەیری بنمـیچ و دیـوارە داهێزراوەکـەی کـرد و یەك دوو هەناسەی هەڵکێشـاو خـەو چاوەکانی بـردەوە. خـــەوێکی قـــوڵ... خـــەوێکی قـــورس خـــەوێك تێگـــرا جەســـتەی ببـــوو بـــە پـــەڕۆ، دەمـــژمێر ســـێ و بیســـت دەقـــەبوو، زەنگـــی موبایلەکـــەی لێـــدا، لەخـــەو ڕاپـــەڕی دەستی بۆ موبایلەکەی برد.**

**ـ ئەلو، بەڵێ فەرموو.**

**+ موبایلی مام وەسمانە.**

**-نەخێر قوربان هی ئەو نییە.**

**+ئەی موبایلی کێیە؟**

**ـ موبایلی (فەرهاد)ە، هی مام وەسمان نییە.**

**هێشـــتا چـــاوی خـــەواڵو بـــوو ســـەرخەوێکی بـــۆ نەشـکاندبوو، ڕاکشـا و قاچـی ڕاسـتەی دەجوڵانـدەوە و جەستەی وەك لانك دەهەژا، بیری دەکـردەوە، خـەیاڵاوی**

بـوو، خـەیاڵێکی چـڕ نـاخی داپۆشـی بـوو، وای هەسـت دەکـرد، کـە ئێسـتا لـەنێو باخچـەیەکی پـڕ لـە گوڵـە و پارچە هەورەکان لەچیمەنی باخچەکە نزیك بوونەتەوە و بەئەنـــدازەی بـــەرزی دوو مـــەتر لـــە چـــیمەنەکەوە بـەرزترن، لـەو کاتــەدا بـیری لـەوە دەکـردەوە کـە بــە پەیژەیـــەك ســـەرکەوێتە ســـەر پارچـــە هەورەکـــە و ڕووبـــــەڕووی شـــــینایی ئاسمـــــان ســـــەرخەوێکی بۆبشکێنێ...خەو لەچاوی کـەوت و دەسـتیکرد بەپڕخـە پـــڕخ، لـــەدەرگا درا(شـــرق، شـــرق، شـــراق...)دەتگوت ئاسنگەرە پلێت ڕاست دەکاتەوە.

لەگەڵ لە دەرگا لێدانیش(جرجرجر)جەرەسیش لێدرا.

لـە خـەو ڕاچـەنی، خودایــە خێربـێ، بەڕاپــەڕ چــوو دەرگای کردەوە، بینی زەلامێکی زڕتـەبۆزی سمێـڵ بـابرە و منداڵێکی لاواز و سیسی حەوت هەشـت سـاڵان لەپشـت دەرگا وەستاون.

**ـ فەرموون فەرموون.**

**ـ سمێڵ بابڕ: لەڕای خوا خێرت دەگاتێ یارمەتییەکمان بدە، هەژار و نەدارین، ئەو منداڵەش باوکی شەهیدە و زۆر دەست کورتین. فەرمانبەرەکە بەرەو ژوور چوو بۆ ئەوەی پارە بهێنێ، منداڵەکە چریکاندی مامۆستا مامە تینوومە.**

**ـ فەرمانبەرەکە: باشە بەچاوان.**

**چووە ژوورەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا و لە دڵی خۆی دەیوت: لەوانەیە من زۆر دەوڵەمەند بم! لەم شارە گەورەیە، لەم وڵاتە فراوانە، سەد مەترم زەوی دەست ناکەوێت، تا کۆڵیتێکی لێ قیت بکەمەوە. وەسیەتی دایکم لەبیرناکەم هەموو جارێ دەیوت: فەرهاد کەسێك کە هاتە بەردەرگات هەرگیز نائوێدی مەکە، بەپێی توانای خۆت شتێکی بدەیێ.**

چووە ژوورێ و دەستی بۆ گیرفانی برد و دزدانەکەی کردەوە و سەیریکرد و پارەکەی ژمارد، حەوت هەزار و پێنج سەد دیناری تێدابوو، لەبەرخۆیەوە دەیوت: لە هەموو ماڵی دونیا ئەوەندە شکدەبەم، هێشتا نۆ ڕۆژ ماوە بۆ وەرگرتنی موچە، ئەگەر دوانەخرێ. کەمێك ڕاماو پێنج سەد دینارەکەی دوو دووسەدو پەنجایی بوو هەڵگرت و بەرەو دەرگاکە هات، یەکێ دووسەد و پەنجا دیناری خستە مستیان و دیاربوو سمێڵ بابڕ پێی کەم بوو، بەزمانی جەستە نارەزایی دەربڕی. سوراحییە ئاوەکەی وەرگرت و پەرداخێکی بەکوڕە بچکوکەکە داو بێنی بە سوراحییەکە ناو و نیوەی خواردەوە و نیوەشی بەسەر سینگی خۆی ڕۆکرد. فەرمانبەرەکە دەرگاکەی پێوەدا و هاتەوە سەرجێ، هێشتا چاوی خەواڵوو بوو، بیری لەوە دەکردەوە تۆ بڵێی منداڵە شەهید بێ؟ نانا شێوەی هەر لە زەلامەکە دەچوو، ڕەنگە کوڕی خۆی بێ

هەر بۆئەوەیانە لە هەرماڵێك دووجار پارە وەربگرن. دیسان خەو چاوی بردەوە، ماستاوەکە زۆرکاری تێکردبوو، وەك چۆن بەنجکرابێ بۆ خەو ئاوا هەستی بەقورسایی جەستەیی و بێتاقەتی دەکرد. ڕاکشاو پاش چەند خولەکێك کەوتەوە خەوێکی قوڵ، خەونی بینی لەو خەوەیدا پارچە زەوییەکی چوارسەد مەتری وەرگرتووە، کردوویەتی بە خانوو، خانووێکی خۆش هەموو کاشی و مەڕمەڕە، باخچەی پڕ لە گوڵی ڕەنگاوڕەنگە، پەپوولە بە لەنجەو لار بەسەر گوڵەکاندا گوزەر دەکەن، حەوز و فوارەی ئاو لەولاوە گوڵەکان ئاوپرژێن دەکەن، خۆیی و منداڵ و ژنەکەی لەدەوری مێزێك دانیشتوون بەجلی جوان و ڕازاوە، سینگ و بەرۆك و دەست و مەچەکی ژنەکەی بە ئاڵتوون داپۆشراوە، منداڵەکانی بەجوانترین بووکە شوشە یاری دەکەن، لەولاشەوە ئۆتومبیلێکی جوان لەنێو گەراج

ڕاوەستێنراوە، ئاسمان ڕەنگاو ڕەنگە، گەڵای درەختەکانی حەوشـــە مۆســـیقایەکی ئـــارام دەڕژێننـــە دەروونـــەوە، لـەناخی خۆیـەوە دەیـوت: ئۆخـەی لـەکۆڵ کرێـی خـانوو بوومــەوە، پێدەکــەنی و ڕۆحــی دەبــوو بــە پەپوولــە و لەگەڵ پەپوولەکانی حەوشـە تێکدەئاڵاو شـیلەی گـوڵانی دەمـژی، دیـوار بـەڕووی پێدەکـەنی بـە لێشـاو پەپوولـەو بولبـول دەهاتنـە نێـو حەوشـەکەی، بـەناو یەکـە یەکـەی ژووری خانووەکـــەی دەســـووڕایەوە و لـــە بینینـــی خانووەکــەی چــاوانی تێرنــەدەبوون. لــە ناکــاو کارەبــا کوژایەوە و ژوور بوو بە ژیلەمۆ و جەسـتەی هـەموو لـە ئارەقە وەردرا، خەونەکەی ئاوەژوو بووەوە، خانووەکـەی لێی بووە گورگێکی برسی و دەرگای حەوشە بووە دەموو کەڵبە! چیمەنی حەوشە بووە تووك و دەست و چـەپۆك و هـەردوو پەنجـەرەی دیـوی پێشـەوەی ماڵەکـەی بوونـە دوو چـــاوی تریســـکەداری گورگەکـــە و بـــەدووی

**فەرمانبەرەکـە دەکـەوتوو قـەپی لێـدەدا، فەرمانبەرەکـە هەناسە بڕکێی بوو، هـەر ڕایدەکرد...بەرانەکـە بخۆ مـن مەخۆ، مەبەستی لەبەرانەکە ئەوەبوو، کە چەند ساڵێك بەرلەئێســـتا(باجی ســـەبری)یەك لەفەرمانگەکـــەیان دامـــەزرابوو، لـــە حەفتـــەی یەکەمـــدا فـــۆڕمی زەوی دابەشکردن هاتبوو، ئەویش پڕیکردبـووەوە، دڵیشـی زۆر خـــۆش بـــوو، وایـــدەزانی پـــاش مـــانگێکی تـــر زەوی وەردەگرن، بۆیـە بـاجی سـەبری وتبـووی: هاوڕێیـان مـن بیرۆکەیـەکم هەیـە، ئـەو دەوروپشـتەی فەرمانگەکـەمان چۆڵەوانییە و هەمووشی گیا و گۆڵـە، بـۆ بـە هـەموومان بـــەرخێك نـــەکڕین، ئەوماوەیـــە بـــەخێوی دەکـــەین، کاتێکیش زەویمان وەرگـرت سـەری دەبـڕین و دەیخـۆین. (ســـڵێوە عـــەودیش) فەرمانبـــەرێکی دێـــرین بـــوو، بەپێکەنینـــەوە پێـــی وتبـــوو: (بـــاجی ســـەبری) ئـــەو بەرخەی تۆ دەبێتە بـەران و پیریـش دەبـێ و مـرداریش**

دەبێتەوە، کەچی زەویش هەر وەرناگری، یان کاتێك وەریدەگری لە شوێنێکی وادەبێ پارە ناکا و هیچ سوودێکی بۆ تۆ نابێ، چونکە پاش بیست ساڵی تر خزمەتگوزاری دەگاتێ، گەر پاش بیست ساڵی تر پارەشی کرد، ئەوا وەك ئەم وتەیەی لێدێ: ((هەتا ددان هەبوو پلاو نەبوو، ئێستا پلاو زۆرەو ددان نییە)).

بەدەم خەوەوە دەیوت: بەرخەکەی یاسەبری بخۆ من مەخۆ. هەر هاواری دەکرد زەویم ناوێ، خانووم ناوێ، زەویم ناوێ، نامەوێ، نامەوێ....لە پڕ لە خەونەکەی ڕاچەنی و هەموو گیانی دەلەرزی، کاتێ چاوی بە خانووە کەلاوەکە کەوت، وتی: ئەلحەمدولیللا، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و چووە دەرەوە، بۆ ئەوەی هەوایەکی فێنکی بۆ بێت، بەڵام لە هاڵاوی ئاگر و دەنگی جکجیکەرە بەولاوە هیچی تر نەبوو، لەسەر خۆیەوە بیری لەم کرێکارە هەژارانە دەکردەوە، کە بەرامبەر خانووەکەی لەبەر ئەم ئاگرە ڕەنج دەکێشن.

سەری بڵند کرد و بەتەنیشت سەعاتی کارەباکەی پارچە کاغەزێکی بینی سەیریکرد، هەشتا و شەش هەزار دینار پارەی کارەبا هاتووە، تێڕاماو خەم دایگرت، ئارەقەش وەك نمەی باران بەنێو چەوان و لاملی دەهاتە خوارەوە، لەو کاتەدا پیکابە غازێك بەبەر دەرگەیان تێپەڕ بوو، یالاّ غاز، یالاّ غاز... لە ژوورەوەش بۆڵەبۆڵ و زیڕەی منداڵەکانی بەرپابوو، لەبەر گەرمای ئەم هاوینە توشەی بێ کارەبا، دەم و لێو تەڵخ و وشك تەبیعەت ژاکاو ببوو. ڕاستەوخۆ حەوت هەزار دینارەکەی نێو جزدانەکەی هاتەوە بیر ئەوەندەی تر شپرزە و بێ هێز بوو، داواکاری جل و بەرگی خێزان و منداڵەکانی هاتەوە بیر، بوتڵە غاز و شتەکانی تری هاتەوە بیر، چاوی ڕەشکەو پێشکەی دەکرد و سێبەری کابرای خاوەن ماڵ وەك ئیزرائیل دەهاتە پێش چاوی و ئەوەندەی تر هەڵبزرکاو دەمی وشك بوو، چووە ژوورەوە و دەستی بۆئاوەکە برد ئاو چ ئاو ئەوەندە گەرم ببوو، ببوو  بە شیر.

## ئەوەندەی تر باریم قورس کرد ٨

بـە منـداڵی زۆر هـۆگری یـاری کـەلایانێ بـووم، نـەك هـــەر منـــداڵان، بـــەڵکو گـــەورەکانیش هـــەروابوون، بەتایبـــەتی لـــە وەرزی زســـتاندا، لـــە بنـــدیوار و نێوحەسارەکاندا بەردەوام دوو سێ تاخم یارییان دەکرد، تەنانەت لـە ڕۆژانـی بـاران بارینیشدا دەچووینە هـۆری ئاژەڵان و یاریمان دەکرد، ئەوانەی یاریشیان نەدەکرد بـە چەکوشـێکەوە (تـەق، تـەق، تـەق) خـەریکی دروسـت کردنـی کـەلا بـوون، (لێـزان)ی کـوڕی خـاڵم وتـی: بـا بـە نیـوەیی کەلابـەرد دروسـت بکـەین، کـە زۆر بـوون دەیانفرۆشـین و پارەکـە بـەش دەکـەین، چـووین شووشـەیەکی ئاوەتەماتـەمان هێنـا و سـەرقەپاغەکەمان

٨ - لە ساڵی ٢٠١٦، لەژمارە (٢٤٤١)، ڕۆژنامەی هەولێر بڵاوبۆتەوە. لەلایەن (عەبدولخالق بەرزنجی)یەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی.

کردەوە جوان شوشتمان و بەڵێنماندا تاوەکو پڕ کەلای نەکەین کەلاکان بەش نەکەین و نەیانفرۆشین، چوینە دەشت و دەر کۆمەڵێ خڕکە و پارچە بەردی جوانمان هێنا، دەستمانکرد بەدروستکردنی کەلا، پێکەوە دروستمان دەکردن، هەندێك ئەو چەکوشی لێدەدا و هەندێکیش من، بەم شێوەیە دوو کەلامان دروست کرد و خۆشییەك پەڕییە دڵمان، خستمانە نێو شووشەکەو سەرمان داخست، بەڕاستی دیمەنێکی جوانیان هەبوو، کەلایەکیان خاڵدار و ئەوەی تریان قاوەیی و سپی بوو، هێندەمان لەشاخ سووی بوو و (ڕۆنی زەیتون)یشمان لێدابوون، وەك جووتێ ماسی نێو حەوز لەجوانیا دەترسکانەوە، دڵمان زۆر پێیان خۆش بوو، لێزان وتی: بەم تەرحە کەلاکان زۆر دەکەین و دەیان فرۆشین و مامەڵەی پێوەدەکەین، دواتریش بەکەیف و ماشای خۆمان شتی پێدەکڕین، لەداهاتوو کارگەیەك پێکەوە

دادەنێین، ئیتر کەوتبووینە کەیف و خۆشی، پاش دوو ڕۆژ هەوڵدان کەلایەکی ترمان نزیك بووەوە لە تەواو بوون، کەچی لەکاتی چەکوش لێدان لە دەستم شکا و لێزان لێم تووڕەبوو و وتی: هیچکە کەلا بەنیوەیی دروست ناکەین، شریکایەتی نەما و خەونەکانی دروستکردنی کارگە و دەوڵەمەند بوون کۆتایی هات. چەند جارێکی تر پێموت: کوڕە با بەردەوام بین لە دروستکردنی کەلا، کەچی لێزان متەقی لێوە نەهات و بەسەر ڕاوەشاندن ناڕەزایی خۆی دەربڕی. وتم: ئاساییە، دوو کەلامان دروست کردووە، دانەیەکیان بدە بە من، یەکێکیشیان بۆخۆت هەڵگرە، لێم بەڕق کەوت و کەوتە منگەمینگ و مل و مۆکردن و کەمێ دوورکەوتەوە و ئینجا بەهەشتاوی ڕایکرد و وتی: سیق و دیق بکەی هیچ کەلایەکت نادەمێ!! منیش بەدووی کەوتم و ڕاومنا، ڕایکردە ماڵەوە، بەرامبەر ماڵەکەیان مەیدانێك

**بــوو، کــە بەمەیــدانی ئەســپە بــەرد نــاوی دەرکردبــوو، چونکە لە ناوەڕاستی مەیدانەکە بەردێکی گەورە هـەبوو هێنـدەی دوو بوتڵـە غـاز دەبـوو، شـێوەی زۆر لـە ئەسـپ دەچوو، کەمێکیش سەری لە گای باڵداری ئاشـوورییەکان دەچوو، بەمنداڵی سـواری ئـەم بـەردە دەبـوون و سـەر و گێلاکیمان دەگرت و هەڵبەز و دابەزمان لەسەری دەکـرد و دەکەوتینە خەیاڵ و خۆشی، واماندەزانی کـە ئەسـپەو ئەوە تەرەدانێ دەکات، خڕ و هۆڕی درهەم و کەلایەکانی نێــو باخــەڵمان لــەکاتی هەڵبــەز و دابــەز کــردن، وەك خرمــەی نــار و بزمــاری ئەســپ خــۆش بــوو، زۆر جــار دەمانکردە مـاتۆڕ و وڕە وڕو زینـەزینمان دەکـرد، جـاری واش هەبوو دوو بۆ سێ منداڵ سوری ئەسپە بەردینەکە دەبـــووین و بەخـــەیاڵ زۆر مەملەکـــەت و وڵاتانمـــان دەکـرد...ئیتر لێـزان هـەر لـەدەرگای حەوشـەوە سـەیری یــاری کــەلایانێی دەکــرد و نەیــدەوێرا بــەم کەرخــەدا**

بێتەوە، کە زانی چارەی ناچارە، ناتوانێ هەر لەکونی ژوورەوە بمێنێتەوە، ناچار تەسلیم بوو و کەلایەکی دامێ و کارگەکەمان هەڵوەشاندەوە و کۆتایی پێهات.

لێزان مێرد منداڵێکی بێ داروبار بوو، جۆرە نەخۆشییەکی هەبوو دکتۆر هەندێ خواردنی لێقەدەغە کردبوو، بەتایبەتی ئەوشتانەی لە گەنم بەرهەم دێن، لەگەڵ ئەوەش لە شەڕدا نەدەبەزی و هەر لە هێرشبردن دابوو، ڕۆژێکیان لەگەڵ (سامر) بە شەڕهاتن، (سامر) مێردمنداڵێکی کەتەو قەڵەو و بەتاقەت بوو، گوێپەڕەی ملی دەتگوت کۆپەلانە، هەمیشە چەنکێك دیژلەمەی پێبوو و دەیخوارد، قانەدڕی شەکر و شیرینی بوو. بەچەپۆك و شەق و پێلەقە کەوتە سەر (لێزان)ی قوڕبەسەر، هەندەی نەمابوو ساوەردانی بدڕی، منیش لەبەر ئەوەی کوڕی خاڵم بوو، زۆر بەزەیم پێیدا هاتەوە، دارێکی حەیزەرانی درێژم پێبوو، پێم وایە هی ئەستوندەگی ئەو خێوەتانە بوو کە بۆ سەربازی

بـــــەکاردەهات و دوای ڕاپەڕینەکـــــەی (١٩٩١)تــــــازە ســـــەربازگەکان چـــۆڵکرابون و حکومـــــەتی بـــــەعس ڕایکردبوو، خەڵك شتیان دەهێنـا، منـیش لەدەستی دوو ئـــەوەم دەســـت کـــەوتبوو، هـــەتا هێـــزم تێـــدابوو دار حـــەیزەرانم بـــەرزکردەوە، بۆئـــەوەی لـــە تەپڵەســـەری (سـامر)ی بـدەم و یارمـەتی کوڕی خـاڵم بـدەم، (سـامر) وەك کەڵەبابـــە چـــەرخە (لێـــزان)ی دەســـووڕاند، لـــەم ســـوڕاندن و وەرگێـــڕ و داگێـــڕەدا بـــوو، مەترەقەکـــەم ڕاوەشـاند!! لـە بەدبـەختی ئـەو ڕێـك لـەجیاتی ئـەوەی بەسەری (سامر) بکەوێ، بەتەپڵە سەری لێزان کـەوت و ئەوەندەی تر باریم قـورس کـرد!! لێـزان ئەوەنـدەی تـر زیـڕەی لێهەسـتا و دەسـتی بـە چووڕەچووڕ کـرد، هێنـد ترسام و وتم: کوشتم و حـەیاتی ڕەشـم لێبڕی!! لـەناخی خۆم دەمـوت: پەکوو!!ئـەوە چـیم کـرد، دواتـر یـەك دوو مـــەترەقم لەنێوشـــانی (ســـامر)دا، هەســـتم کـــرد لێـــزان تۆزێك هێور بووەوە و ئاهێکی لە جەرگی گەڕا.

## بەس جێگام نییە [9]

دەڵێن لە زەمانێکی زۆر کۆندا کوڕ و کچێك حەزیان لێککردبوو، ڕۆژانە کوڕەکە بە بەردەم ماڵی کچەکە تێدەپەڕی، کچەش بەبیانووی بەردەرگا شوشتن کوڕەی دەبینی، سەرەتا هەر سەیرکردنێك بوو، ڕۆژانە ئەمکارە دووبارە دەبووەوە، دواتر وایلێهات کوڕە سەلامی لە کچەکە دەکرد و ئەویش وەڵامی دەدایەوە، کوڕەی عاشق زۆر بیری دەکردەوە شوێنێك بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ کچەکە پێکەوە دابنیشن، کەچی شوێنێکی وای شك نەدەبرد، ڕۆژێکیان بە کچەکەی وت: هەر کە پیاوەکان بۆ نوێژی عەسر چوونە مزگەوت، تۆش وەرە حەوشەی مزگەوت و بچۆ لەپەنا پیرە دار تووەکە دابنیشە! ئینجا منیش دێم، کچەکەش زۆری حەزدەکرد

---

[9] -لە ژمارە (٢٤٤٨)، لە ڕێکەوتی ١٨ ئەیلولی ساڵی ٢٠١٦ لە ڕۆژنامەی هەولێر بڵاوکراوەتەوە.

کوڕەکـە ببینـێ و لەگـەڵی دابنیشـێ، بۆیـە ڕەزامەنـدی دەربڕی، هەر کە پیاوەکان چوونە مزگـەوت، کچـە هاتـە حەوشەی مزگەوت و لەپـەنا دارەکـە دانیشـت و کـوڕەش چـووە لای. دوای ئـەوەی نوێـژ تـەواو بـوو و خەڵکەکـە پەرتـەیان لێکـرد، مـەلا پیاسـەیەکی بـەنێو حەوشـەی مزگەوتـدا کـرد، بینـی لـەبن دار تووەکـە کـوڕ و کچێك دانیشتوون و قسەدەکەن.

مــەلا چـاوی چــووە پشــتی ســەری و بەهەشــتاوی هـەنگاوی نـاو یەخـەی کوڕەکـەی گـرت و بەتوڕەییـەوە پێیوت: ئەوە چی دەکەن لێرە!؟ هیـچ و پوچـینە، بمـرن بۆخۆتان باشـترە، عـەیبێ ناکـەن، شـەرم ناکـەن، خواتـان نییـە، دینتـان نییـە، بۆچـی هاتوونەتـە مزگـەوت!؟ لـەو قسانەدابوو کچەی تۆقیـو ڕادەکـاو کـوڕەی دامـاو لـەوێ بەجێ دەمێنێ. مەلا ئەوەندەی تر تورە دەبێ: کـوڕە تـۆ خـوات نییـە، دینـت نییـە، پێغەمبـەرت نییـە...کوڕەی

داماو دێتە وەڵام و دەڵێ: مامۆستا گیان هەموو شتێکم هەیە بەس جێگام نییە.

ئەمڕۆ چومە کتێبخانەی گشتی هەمان دیمەنم بینییەوە، کوڕ و کچێك هاتبوونە کتێبخانە، ئەوان بۆ خوێندنەوەی کتێب نەهاتبوون، بۆئەوە هاتبوون یەکتر ببینن و پێکەوە دوو قسە بکەن، کەچی بەڕێوەبەری کتێبخانە هەر بەدەوریانەوەبوو، کوڕ و کچەکە ناوە ناوە لێکدوور دەکەوتنەوە، سەیری یەکیان دەکرد، بەڕێوەبەرەکە بە زمانی ئاماژە بە کچەکەی دەوت: گەر کتێبت دەوێ بۆت دێنم، ئەویش هیچ وەڵامی نەدەدایەوە، دواتر کوڕ و کچەکە لەپەنا دینگەیەك دانیشتن و خۆیان بە خوێندنەوەی ڕۆژنامەیەك خەریککرد، کوڕەکە دەسکی چاویلکەکەی خستبووە نێودەمی و ئارامی بەخۆی دەبەخشی، کەچی بەڕێوەبەرەکە لە خەفەتان ڕەنگی سوور هەڵگەڕابوو و هەر دەهات و دەچوو، ناوەناوەش لە بەرامبەریان دادەنیشت و بەبوغزەوە تێی دەڕوانین، دواتر زیاتر

تووڕە بوو، کورسییەکەی لێیان نزیککردەوە و هەر سێ مەترێك لێیان دوور بوو، برۆکانی تێکنابوو و کەمێ سەری داخستبوو و لەسەرووی چایلکەکەوە تێی دەڕوانین، ناوەناوەش بۆ چرکەیەك، یان دوو چرکە چاوەکانی دادەخست و دواتر تێیدەڕوانین. کچەی داماو پەنجەکانی دەخستە دەمی و نینۆکەکانی دەقرتاند، ناوەناوەش سەری دەخوراند  لەترسا هەستا ڕۆیی، بەدەم ڕۆیشتنەوە لەپشتەوە بەدەستی چەپی توند قۆڵی ڕاستەی خۆی گرت و هەنگاوەکانی خێراتر کرد، بەڕێوەبەرەکەش بەتووڕەییەوە سەیری کوڕەکەی دەکرد و  لێوەکانی لەشێوەی ناڕەزایی و پرتەپرتکردن دەجوولاند، بەزمانی جەستە ئەو قسانەی مەلا بە کوڕەی وتبوو، ئەمانەی پێدەگوت، کوڕەش ناوەناوە سەیرێکی بەڕێوەبەرەکەی دەکرد و هەناسەیەکی قوڵی هەڵدەمژی و بەزمانی جەستە لە چاوە خەمبارەکانییەوە دیاربوو دەیوت: هەموو شتێکم هەیە بەس جێگام نییە.

# ئازارەکانی ئاسۆ [10]

کاتی ئەوە هاتبوو دایکم سەردانی پزیشك بکات، بۆیە پاش نیوەڕۆکەی زوو بەڕێکەوتین، هەر کە گەیشتینە شەقامی پزیشکانی هەولێر، چوینە نۆڕینگەکەو سکرتێرەکەو سێ ژن دانیشتبوون، هێشتا دەمژمێر سێ بوو، سکرتێرەکە وتی: پزیشك دەمژمێر چوار دێت.

- زەحمەت نەبێ چەند ناومان لە پێشە؟

+ ئەم سێ ئافرەتەو چوار کەسیش تەلەفۆنیان کردووە و ناوم نووسیون.

- باشە ناوی (بەفرین عەزیز)ش بنووسە.

پاش نووسینی ناو و دانیشتنی پێنج خولەك، دایکم و سێ ژنەکەی تر کەوتنە قسەکردن و گێڕانەوەی

---

[10] - لە ژمارە(٢٦٦)ی ساڵی ٢٠١٩ لە گۆڤاری ڕامان بڵاوکراوەتەوە.

بەسەرهات و چۆنیەتی دروستکردنی چێشت و... تەمنی حەوت ساڵ بوو نان و پیازیان پێکەوە خواردبوو.

منیش بە دایکم وت: تا دەرەوە دەچم و کەمێکی تر دەگەڕێمەوە. هەر کە هاتمە دەرەوە، لە بەردەم نۆڕینگەکە پیاوێك دانیشتبوو تەمەنی لەسەرووی حەفتا ساڵ دەبوو، دیاربوو کارگوزاری ئەم نۆڕینگانە بوو، ئەو لەسەر کورسییەك دانیشتبوو، وەلێ بەتەك کورسییەکەوە سەکۆیەك هەبوو شوێنی دوو کەسی لێدەبووەوە، لەدڵی خۆمدا وتم: بەو گەرمایە کێوە بچم؟ لەمشوێنە باشترم دەست ناکەوێ، شوێنەکە پشت لەهەتاو بوو، سێبەرێکی خەستی هەبوو، سەرەڕێی گشتیش بوو، دوای سڵاوکردن لەتەك پیاوەکە دانیشتم. موبایلەکەم دەرهێنا، کەمێ سەیری ئەو کۆمەڵە وێنانەم دەکرد، کە لە بەهاری ئەمساڵ گرتبووم، لەوەش بێزار بووم، ویستم پیاوەکە بدوێنم وتم: بەڕاستی زۆر

گەرمایە. پیاوەکە هاتە وەڵام: گەرما هەندەی نەماوە، ئەوە هەفتەیەکە گەلاوێژ بزواوە، دوو هەفتەی تر فێنك دەبێت.

- بەگوێرەی قسەکانت بێ، پێدەچێ لادێیی بیت، باسی گەلاوێژ دەکەی.

+ بەڵێ خەڵکی لادێم.

سەرم هەڵبڕی لەولای منەوە گەنجێگ لە سەر پێچکە پەیژەیەك دانیشتووە، خەریکی فەیسبوکەو پڕبەگەرووی پێدەکەنێ و ناوەناوەش بە هەردوو دەستەکانی لەشلکەی ڕانی و لە چۆکەکانی خۆی دەدا، وەك ئەوەی بیتاقەیەکی بۆ دەرچووبێ، لەشوێن خۆمەوە منیش پێکەنینم دەهاتێ. ئەو کارگوزارەی لەتەکمەوە دانیشتبوو، یارمەتی خواستو، ڕۆیشت بەلای کارەکەیەوە، منیش سەرێك چومە ژوورەوە، دەمژمێر چوار و دەدەقەبوو، کەچی وتیان هێشتا پزیشك

نەهاتووە، هاتمەوە دەرەوە، بیرم لـەوە کـردەوە یـەك دوو تەڵــە بنێمــەوە، ئــەو شــتەی چــەندین ســاڵە خــوم پێوەگرتــووە. دوو ســەد و پەنجاییــەکم لــەدووری ســی مــەتر لــەلای دەســتە ڕاســتمەوە فڕێــدا، لای دەســتە چەپەشـم دووسـەد و پـەنجا دینـاری تـرم فڕێـدا، ئینجا چاوەڕێبووم، کێ دێ؟ کێ دەیدۆزێتـەوە؟ تاوێـك سـەیری ئەمبەرەم دەکرد، تاوێکیش سەیری بەرەکەی تـر، کـچ و دایکێــك تێپــەڕین لەپارەکــەی یەکــەم ڕەتبــوون و نەیاندۆزییەوە، زەردەخەنەیـەکم کـرد و وتم بـزانم هـی دووەم دەدۆزنــەوە، ئەویشــیان نەدۆزییــەوە. دواتــر چــەندان کەســی تــر دەهــاتن و دەچــوون کــەس نەیدۆزینەوە. سەیرم کرد کوڕێك تەمەنی بیست ساڵان دەبــوو دوســەد و پــەنجا دینارەکــەی دەســتە ڕاســتی دۆزییەوە، دیقەتی دەم و چاویمدا، کەمێ لەپارەکـە ڕامـا و چو دایە دەسـت شـەقام پاککەرەوەیـەکی بەنگلادیشی،

ئـەویش بـە زەردەخەنەیـەك و سـەرنواندنێك سوپاسـی کـرد. منـیش لەشـوێنی خـۆم زەردەخەنـەم هـاتیٚ، تـەنها پارەکەی دەستە چەپ مابوویەوە، هەر خـەڵك دەهـاتن و دەچوون بەبەرچاویان نەدەکەوت، دواتـر دوو پیرەمێـرد بەگۆچـانەوە پێکــەوە دەهــاتن، یــەکێکیان چــاویلکەی لەچـاوبوو، جـامی چـاویلکەکەی لەبنـە پـەرداغ دەچـوو، لـەدڵی خۆمـا وتم: ئـەوە هـەرگیز نایدۆزێتـەوە، کەچـی دۆزییەوە و دەسـتی لـە کەمـەی گۆچانەکە شـلکردەوە و ناوقــەدی گۆچـانەکەی گرتـوو نووشـتایەوەو پارەکـەی هەڵگرت، پێدەچوو زەڕەبینی چاویلکەکەی پارەکـەی بـۆ بان لـووتی نزیـك کردبێتـەوە، دەنـا چـون ئـەم پارەیـەی دۆزییــەوە!! پێشـانی برادەرەکـەی داو لەشـوێنی خۆیـان ڕاوەستان و دایانە قاقای پێکەنین.

من گوێم لە قسەکانیان نـەبوو چیان دەوت و چیان دەگێڕایـەوە، وەڵێ منـیش بـەبیٚ ئـەوەی بـزانم مەسـەلە

چـییه دامـه تریقـەی پێکـەنین، هـەردوو پیرەمێردەکـە پێکەوە ڕێیان دەکرد، ئەوەی پارەکەی دۆزیبـووەوە دایـە ڕەفیقەکــەی و هــەر بەپێکەنینــەوە تێپــەڕین. ئــەو بەزمەش چێژی خۆی هەبوو، دواتر چوومە ژوورەوە لە سـکرتێرەکەم پرسـی کـەی نـۆرەی دایکـم دێـت وتـی: پزیشك هاتووە، دوو نەخۆشی بـەڕێکردووە، ڕەنگـە چل دەقەی دیکە بەبەری بکەوێ، دوای ئەوە دیسان چـوومە دەرەوە و لەشـوێنی خـۆم دانیشـتمەوە، لـەدوای منـیش کارگوزارەکە (مام عەوڵا) هاتەوە دەرێ.

ـ ئـەرێ ئـەو گەنجە خـەریکی چـییە؟ هـەر لـە چـۆکی خۆی دەدات و پێدەکەنێ.

+ نــازانم فەیســبوکی پێــدەڵێن یــان فەیســزاوا، ئــەوە خەریکی ئەو بەزمانەیە.

ـ ڕەنگە دڵدارەکەی قسەی خۆشی بۆ بکا.

+ وەڵا بڵێم چی لەوانەیە.

- پێم وایە لەزەمانی ئێوە کوڕ و کچ یەکتریان نەدەبینی و شەرمیان لێکدەکرد، موبایل و ئەوجۆرە شتانەش هەرنەبوو.

+ بەخوا یەکجار واش نەبوو، ئێمەش ناوبەناو خۆمان دەگەیاندە یەکتر، لە هەموو سەردەمێك عیشق و عیشقبازی هەر هەبووە.

- لەسەردەمی ئێوە چۆن بوو؟

+ بەزەردەخەنەوە، باشە من بەسەرهاتێکی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە.

- فەرموو، ئەویش دەستیکرد بەگێڕانەوەو وتی: کاتی خۆی لە گوندی بووین، ئەو کاتەی تەمەنم بیست سالان دەبوو، حەزم لە کچێك کردبوو، ناوبەناو، دەچوومە سەر ڕێی کارێزان، ئەویش بە باریکە ڕێیەك تێپەڕ دەبوو، بەفێڵی تینوێتی بوون و وەرگرتنی جامە ئاوێك دووسێ جار یەکترمان ماچ دەکرد.

**ـ ئێ! ئافرەتەکە جوان بوو.**

**+ زۆر جوان و کەڵەگەت بوو، سپی سپی بوو، مێوژە ڕەشەی بخواردایە لە گەردنی دیار بوو!!**

**ئێوارەیەك وارێککەوتین، هەر کە گۆزە ئاوەکەی گەیاندە ماڵەوە ڕێك بێتە نێو کادینەکەی حەوشەی ماڵمان، کە لە ماڵی ئەوانیش نزیك بوو. ئیتر من پێش ئەو خۆم گەیاندە کادینەکەو ئەویش هات، پاش ماچ و موچکردن، من شەرواڵم داکەند و ئەویش دەلینگەکەی داکەند و بەنۆرە دەچوینە باوەشی یەکدی، لەپر تەپەیەك و غلبەغلبێك هات!! نازانم هێستره چەمووشەکەمان ڕەویبووەوە، یان شتێکی تر بوو، زۆر ترساین، وتم نەبادە کەسێك چاودێری کردبین و بمانبینێ، ئیتر لەپەلەپەلیان من دەلینگەکەی ئەوم لەبەرکرد، ئەویش شەرواڵەکەی منی لەبەرکرد و هەریەکەمان بەرەو لایەك ڕامان کرد ه ه ه، من کە**

**چوومەماڵەوە سەیری خۆم کرد دەلینگی ئەوم لەبەرە، دەلینگێکی سەوز وێنەی وردە گوڵی سووری تێدابوو، کەمێك کورت بوو، نیو بست لە سەرووی گۆزینگمەوە بوو، ئەو بەژنی بەرز بوو کورت نەبوو، وەلێ من بالاّم بەرزتر بوو، پاشەڵم پووچ نەبوو، بەلاّم ئەم ئافرەتە قەڵەباڵغتر و بەخۆوەتربوو، بۆیە لەپشتەوە بۆمن شل و شۆپ بوو. لەلایەك پێکەنینم دەهات، لەلایەکی تر تۆقیبووم و دەترسام ئاشکرابین، کەمێ خۆم مات کرد تا تاریك تربوو، خۆ ئەوکات زەمانی فەقیریش بوو شەرواڵی ترم نەبوو!! باشبوو ئەوکات شەوان وەك ئێستا نەبوو کارەبا هەبێ لەبەر ڕووناکی چراڕەشکە دادەنیشتین هەر ئەوەبوو یەکمان دەبینی، بۆیە لەماڵ هاتمە دەرەوە وتم: با دایك و باوك و خوشك و براکانم هەستم پێنەکەن، دەنا ئابڕووم دەچێ، کە هاتمە نێو دەرگا و سەرە تاتکەیەکم کرد، سەیرمکرد کچەش**

دووســــێ باســــکەداری بەدەســــتەوە گرتــــووە و ســەرەتاتکەیەتی، ئــەو دارانــەی بــۆ ئــەوە بەدەســتەوە گرتبوو گوایـە دەیباتـە ماڵـەوە، یـەکتڕمان بینـی بەپەلـە پەل لەپەنا دیوارەکە من دەلینگەکەم داکەنـد و ئـەویش شـەرواڵەکەی داکەنـد و هەریەکـەو هـی خۆمـان لەبـەر کردەوە، ڕوحمان لەنێو لەپی دەستمان بوو، لـەدڵی خـۆم دەموت: ئێستا کەسێك بمـانبینێ چـی بڵێین، ئـیتر بـاش بـوو کـەس نـەیبینین، هەریەکـەمان بـۆ مـاڵی خۆمـان ڕامــانکرد. مــن چــەندە پێکــەنیم مــام عــەولاش دوو هێندەی من!!! وەك ئەوەی من بۆ ئەوم گێڕابێتەوە!

دواتــر بەســەرهاتێکی دیکــەی بۆگێڕامــەوە و وتــی: دەگێڕنــەوە ڕۆژێکیــان پیاوێـك بەمەبەسـتی وەرگرتنــی چەکوشێکەوە ڕوودەکاتە ماڵێـك و دەبینـێ ژنێـك لەبـەر سـۆبای دار لەســەر پشــت ڕاکشــاوە و سمتێکــی خــڕ و خــەپانی پێوەیــە و لینگــی لــێفش کــردووە، تومــەز

دەلینگەکـــەی دڕاو دەبـــێ هینەکـــەی لەبـــەر گـــەرمای سۆبەکە وەك دەمی ماسی لێکبۆتەوە، پیاوەکە کە ئـەوە دەبینـــێ، تەزوویـــەکی گـــەرمی شـــەهوەت دەیگـــرێ، لەئاگرەکە نزیك دەبێتـەوە، بەژنەکـە دەڵێ ئـەوە چییە لـەنێو لینگـت؟ ژنـەش خـۆی ناشـێوێنێ دەڵـێ، ئـەوە جەهەندەمـــە، ڕانکـــی کـــابراش دڕاودەبـــێ و کـــونێکی تیـــادەبێ، هەرامەکـــەی لەشـــوێنە دڕاوەکـــە دەردێنـــێ و دەڵێ: ئـەدی ئـەوە تـۆ بـۆ ناپرسـی ئـەوە چییە؟ ژنەکـە زەردەخەنەیەك دەکـات و دەڵێت: ئـەوە کـافرە. کـابراش لە بەزمەکە تێدەگا و دەڵێ، کافر بۆجەنەم باشە، لینگـی لەبـەرلینگی دەنـێ و قامیشـە ئەسـتوورەکە لەتلیشـەکە دەکوتێ. هەر کەئەوەی گێڕایـەوە پێکـەوە دامانـە قاقـای پێکەنین.

دوای ماوەیەك سەیرمکرد لـەولای منـەوە، منـداڵێکی هەشت نۆ ساڵان، قاچێکی سووتاوی خـۆی هـەڵکردووە و

لەسەر پارچە کارتۆنێك دانیشتووە و سواڵ دەکات. وتم: (مام عەولاّ) بەو گەرمایە ئەو هەموو مێشە لەم قاچە سوتاوە ئالاّوە!!! خۆ ئێرە شەقامی پزیشکانە، دەبێ پزیشکێك بەزەیی پێدانەیێتەوە و بۆی تەداوی نەکات و حەب و دەرمانی نەداتێ؟!

مام عەولاّ هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: ئاخ... ئەوە دەڵێی چی، ئەو بەستەزمانە ساڵێکە هەر ئاوایە!!

ـ بۆچی ساڵێك! ئەوە منداڵە خۆ برینەکەی زۆر قوڵیش بێ، بە مانگێك چاکدەبێتەوە!!

+ ئاخر باوکی ناهێڵێ چاکبێتەوە.

ـ باوکی بۆ!؟

+ هەموو جارێ گۆشتەو زوون دەبێتەوەو دێ خۆی بگرێ، کەچی باوکی قەتماغەکەی هەڵدەکەنێتەوە!!!

ـ ئێ بۆ وایلێدەکا!؟

+ بۆ ئەوەی خەڵك بەزەییان پێدابێتەوە و پارەی بدەنێ.

هەركە وای گوت لەشوێن خۆم بوومە كیسەیەك ژەهر و هەندێك وەستام!! ئینجا چومە لای كوڕە بێنازەكەو دەستم بەسەری داهێنا، وتم: كوڕی جوان ناوت چییە؟

+ ناوم (ئاسۆ) یە.

- پۆلی چەندی؟

+ پۆلی دوو بووم، باوكم لە قوتابخانە دەریهێنام.

- بۆ؟

+ هەر كە دایكم مرد، باوكم ژنێكی تری هێنا، وتی: تۆ نابێ بخوێنی دەبێ سواڵ بكەی.

- كەمێكی تر خۆم لێی نزیككردەوە، ئەی قاچت بەچی وای لێهاتووە، هەر كەوام گوت دەستی كرد بە گریان، كوڕم مەگری بۆ وایلێهاتووە.

+ باوكم كتلییە ئاوێكی گەرمی پێداكرد، هەرجارەی دێتە ئەوەی چاكبێتەوە، دەست و قاچم دەبەستێ و بە چەقۆیەك قەتماغەكەی هەڵدەكەنێتەوە و دەڵێ ئەو قاچەت چاك بێتەوە كەس پارەت ناداتێ!! دایەوە پرمەی گریان، منیش بەخۆم نەوەستام توند لەئامێزم

**گـرت و ماچـمکرد، ئـەویش تونـد دەیکوشـیم، وادیـاربوو هێنـد لەمێـژبوو لـەنازی دایـك و بـاوك و خـزم و کـەس دابڕابوو، خۆ هەندێ کەس وادەزانێ بەزەیی پیاهاتنـەوە پێدانی دووسەدو پەنجا دینارەو بەس؟؟!!**

**ـ من یارمەتیت دەدەم، له دادگا شـکات لـەباوکت دەکـەم، هەر کـەوام وت منداڵەکـە دایـەوە پڕمـەی گریـان: ئـاخر باوکم دەمکوژێ، لەم قسانەبووین (مام عەولا)ش هـات و وتـی: ئـەوە چـی دەڵێـی، وادەزانـی ئەمـە وڵاتـی سـویدە، منداڵ شکات له دایك و باوکی بکات، حکومەت منداڵەکە وەربگرێت و بەخێوی بکات، بـەخوا بـاوکی دەیکوژێـت و نه کەس و نەحکومەت و نه ئاسایشیش بـاوکی نـاگرن!!! دوو سێ کەسی تـر لێمـان کۆبوونـەوە، بابەتەکـەم بۆیـان گێڕایەوە، دوانیـان گوێیـان بـەم قسـانە نـەدا و ڕۆیشـتن، بەڵام یەکێکیان وەستا و بەسەرسامییەوە وتی: چ چ لـەو زوڵمه گەورەیـە!! منـیش هـەوڵ دەدەم یارمـەتی بـدەم و شکات له باوکی بکەم. ئاسۆ دەپاڕایەوە و دەیوت: شـکاتی لێمەکەن دەنا سەرم دەبڕێ. لەو قسانەدابووین دایکم به**

**خەمێکی خەستەوە هاتە دەر. بەرزە پیٚ بوومەوە، ها دایکە پزیشك چی وت؟**

**+ وتی گورچیلەکانت زۆر سستن شەکرەکەشت زۆر بەرز بۆتەوە، تاکە شت ئەوەیە بچیتە وڵاتی ئوردن چارەسەری خۆت بکەی، دەنا...**

**ـ دەنا چی؟**

**+ دەنا ئەوها بمێنیتەوە بارودۆخت خراپتر دەبێت و ژیانت دەکەوێتە مەترسییەوە!!! منیش لەشوێنی خۆم وشك بووم و دەمڕوانییە دایکم و بە چاوێکیشم سەیری ئاسۆم دەکرد. بەخەمبارییەکی زۆرەوە، لە دەمەو ئێوارەیەکی نامۆدا سورای ئۆتۆمۆبیل بووینەوە و لە ڕێگادا بەسەرهاتەکەی ئاسۆم بۆ دایکم گێڕایەوە، ئەویش لەتاو دەرد و ئازاری خۆی وەك هەورێکی چڕ ئامادەی بارین بوو، دایە پڕمەی گریان و منیش لەگەڵ ئەودا گریام و بەخەم و ئازارێکی زۆرەوە بەرەو شاری کۆیە هاتینەوە.**

هاوژین سڵیوە

# دوو دیمەن

ماڵمان لە هەرمۆتە بوو، لە پشت ماڵەوەمان پارچە زەوییەکمان هەبوو کردبوومانە حەسار، کاتی خۆی دایکم پێنج شەش مریشك و کەڵەشێرێکی خۆماڵی هەبوو، دواتر دەدوازدە مریشکی سووری هێلکەکەری کڕی. وایلێهات مریشکەکان زۆر بوون و لە گەڵ تۆرەمەی خۆماڵی تێکەڵ بوون و باشترین جۆری مریشکی هێلکەکەریان لێدروست بوو. ڕۆژانە پازدە بۆ بیست هێلکەیان دەکرد. بەتێر و پڕی هێلکەمان لێدەخواردن، دایکم هەر بەستڵ هێلکەی لێدەفرۆشتن و چاکەی پێدەکردن و دەیدایە دەر و جیران و خزمان. ناوەناوەش گۆشتی کەڵەشێری خۆماڵیمان دەخوارد.

سەفەرێکیان (سەفین)ی برام لە سوید گەڕابووەوە. تەکبیرێکمان کرد. وتمان بەڕاستی مریشکی خراپن، بۆچی ئەو مریشکانە لەناونەبەین و ڕۆژێکی نەچینە هەولێر و چەند مریشك و کەڵەبابێکی شامی و

ئەمریکی نـەکڕین. بیرۆکەکـەمان بـەدایکمان وت. دایکـم ڕازی نەبوو، توڕەبوو شرتوشۆی دەرهێنـاین دواتـر وتـی: مریشکەکانم هیـچ عەیبیان نییـە، هێلکـەی بـاش دەکـەن، بـۆ گۆشـتیش بێعـەیبن. وا کەللـەی (سـەفین)ی بـرام پڕکرد. کە بەهەر شێوەیەك بێ دەبێ ئـەوکارە بکـەین. ئەوەنـدەمان لـەبن گـوێی دایکـم خوێنـد تـا ناچـار بـوو دڵمـان نەشـکێنێ و وتـی: چـی دەکـەن بیکـەن. ئـیتر کەسـێکی مریشـك کڕمـان هێنـاو واڕێکـەوتین کـە هـەر مریشـکەی بـە هەشـت هـەزار دینـار بفرۆشـین و جوجەڵەکانیش بەبەلاش بدەین. بە ڕۆژێکی قـرچ و بـڕ و چۆمراغمان کردن، بە هەمووی بـای دووسـەد و پـەنجا هەزار بوون. بەیانییەکی سەحەری مـن و سـەفینی بـرام و مامم(هورمز)، چوینە هەولێر. بـایی حەوسـەد هـەزار دینارمـان مریشـك و کەڵەشـێری شـامی و مریشـکی ئـەمریکیمان کـڕی، مریشـکی بـە چـل هـەزار و پـەنجا هـەزار و زیـاتریش. دوازدە مریشك و سێ کەلەشێرمان هێنا.

شـەوی تـێ وەر نەسـوڕایەوە، هـەر عەسـرەکەی سـێ دانـەیان مـردن، ئیجا خەبـەر بـەئاوایی بـڵاو بـووەوە، دەستەدەسـتە گـەنج و شـەیدایانی پەلـەوەر دەهـاتن سەیریان دەکـرد. ڕۆژانـە چـوار پێـنج هێلکـەیان دەکـرد، بەڵام هێلکە خواردنمان نەما. ڕۆژانە چـوار پێـنچ کـەس دەهـاتن بۆهێلکـە دەیـان وت مریشـکی ئێـوە باشـن، هێلکەمان دەوێ، بـۆ مریشکە کورکمانـە. ئـەوەی دەهـات هێلکەیەك تا سێ هێلکەمان دەدایێ. هـەش بـوو بەبـەری نەدەکـەوت دەمـانوت سـبەی وەرەوە سـرەمان بۆدادەنـان، ناچار بە تەبەقە هێلکـەمان دەکـڕی و هێلکـە خـواردن و گۆشت خواردنی خۆماڵیمان نەما.

ڕۆژێکیـان دان و ئـاوم بـە مریشکەکان دەدا، گـوێم لـە دەنگێك بوو دەیوت: دکتۆر مریشکی باشت هەیـە، چـوار پێـنج هێلکـەم بـۆدانێ. ئـاوڕم دایـەوە و سـەیری ئـەملاو ئەولای خۆم کرد، کەسـم نـەبینی! دواتـر سـەرم هـەڵبڕی بینیم وەستای چاککردنەوەی کارەبایە، هەر ناشـی ناسـم لەسەر عەموودی کارەباوە هاواردەکات.

**- بەسەرچاووو لە خزمەت دامم.**

**دواتر وردە پێکەنینم هاتێ و لەبەرخۆمەوە وتم: هەتا ئێستا لە زەوی داوای هێلکەیان دەکرد، ئێستا لە ئاسمانیشەوە داوای دەکەن.**

**ڕاستەو خۆ ئەوە هاتەوە بیرم، کاتی خۆی کە مێرمندالْ بووم، پاسکیلێکم هەبوو، عەسران لێم دەخوڕی، فرۆشگاشمان هەبوو. بیرۆکەیەکم بۆهات وتم: بۆچی بەیانیان سەموون نەهێنم و نەیفرۆشم. بەیانییەکی مەلا بانگدان بە پاسکیلەوە چوومە ناو شاری کۆیە، کە تازە سەموونی ئۆتۆماتیکی پەیدا ببوو، سەموونم کڕی و هەتەمەوە هەرمۆتە، هاوارم کرد: یالْلا سەموونی نەرم و گەرمی سەر بە کونجی. دەورەیاندام زوو هەموو سەموونەکانم فرۆشت. کە هاتمە مالْەوە، دایکم ماست و هێلکە و چای لەبەردەم دانام، وتم ئەی نان؟ وتی ئەی تۆ سەموونت نەهێناوە؟ وتم: وەلْلا هەمووم فرۆشت و خۆم لەبیرکرد.**

## هاوژین سڵیوه

دوێنێ بەیانی بەبەردەم بانک تێپەڕیم، سەیرم کرد زۆربەی زۆری پیرەژن و پیرەمێردن و سرەیان گرتووە بۆ وەرگرتنی موچەی خانەنشینی، دەموچاویان ماندو و بێ هێز، زەردەخەنە بە ڕووی هیچیانەوە نەبوو، لەدڵی خۆمدا  وتم: ئەوە ئەمڕۆ موچە وەردەگرن، حەق وابوو وەك گوڵ بگەشێنەوە، کەچی وانەبوو؟! بۆ نیوەڕۆکەی خێزانەکەم بۆکاری شت کڕین لە بەردەم سوپەرمارکێتێك دابەزی، بەرامبەر سوپەر مارکێتەکە قوتابخانەی ئامادەیی کچان بوو، لەوکاتە بوو کە دەوام تەواو دەبوو، پۆل پۆل کچی ناسك و جوان دەهاتنە دەر، ئەوەی دەهاتە دەر دەم بەخەندە بوو. دوو دوو و سێ سێ قسەیان دەکرد و پێدەکەنین. دڵیان پڕپڕ بوو لە خۆشی، لە دوو سەد سێسەد کچ دانەیەکم نەبینی ڕووگرژ بێ. ئەوان لەبەهاری تەمەنی جوانی و شادیدا بوون.

# ڤەلانتاین [11]

هەمووی دە ڕۆژێك دەبوو ژنم خواستبوو، دووسێ جار یەکترمان بینیبوو، ڕۆژانەش بە تەلەفۆن قسەمان لەگەڵ یەك دەکرد، شەوی ڤەلانتاین ئاهەنگ سازکرابوو، ئێمەش وا ڕێککەوتین، کە من کراسی سوور و پانتۆڵی ڕەش لەبەربکەم، ئەویش بەدی سوور و تەنوورەی ڕەش لەبەربکات، ئیتر ئەوکات وەك ئێستا نەبوو، ئەم یادە زۆر بەکەمی دەکرایەوە، بۆیە ئامادەباشی ئەوە نەدەکرا گوڵی سوور بفرۆشن و لە بازاڕ و شوێنەکان وا ئاسان دەست نەدەکەوت.

من شووشە بۆنێکم بۆ کڕیبوو بۆئەوەی لەم یادە بیدەمێ، ئەو ڕۆژە چوومە بازاڕی گوڵفرۆشان تەنها گوڵی نایلۆن هەبوو، بەم زستانە گوڵی سروشتیم چنگ نەدەکەوت، بیرم لەوە کردەوە لە شارەکەمان مەشتەلێکی

---

[11] -لە ژمارە( ٣٠٢٣)لە ساڵی ٢٠١٩ لە ڕۆژنامەی هەولێر بڵاوکراوەتەوە.

**باشی گـوڵ و نـەمام هەیـە، چـووم بـۆ نەمامگاکـە، بـەڵام گوڵـەباغ و گـوڵی شایەسـتەی وایـان نـەبوو، تـەنها لـەبن نـایلۆن، چـەند گـولێکی وەرزی لێبـوو، چـاوم بـەجۆرە گوڵێـك كـەوت، وەك گوڵـە قەنـەفڵ وابـوو سـوور بـوو و كـەمێك لەگوڵـە قەنـەفڵ گـەورەتر بـوو، كەڵـە گـوڵێكم لێكـردەوە، هێنامـەوە ماڵـەوە و لـەنێو بەرداخـە ئـاوێكم دانـا، ئێـوارە بەرلـەوەی لەگـەڵ دەسـتگیرانەكەم بچـینە ئاهەنگەكە چوینە ماڵی باوكم، كە بـەخێرهاتنمان كـرد، ڕاستەوخۆ چومە مەدبەخ بۆ ئەوەی گوڵەكەی بۆ بێـنم، شتێكی سەیر ڕوویـدابوو!! گوڵەكـە لـەم جۆرانـەبوو، كـە شـەوان دەخـەون، ڕێـك پـەڕەكانی هاتبوونـەوە یـەك و بووبـووەوە بەخونچـە، بەڕاسـتی دیمـەنێكی سـەیر بـوو! زۆر پێكەنیم...تـەنها شووشـە بۆنەكـەم دایـە، چـوینە ئاهەنگەكــە و كــاتێكی خۆشمــان بەســەر بــرد، كــە گەڕاندمەوە ماڵی باوكی و هاتمەوە بینـیم، گوڵەكـە هـەر**

**نووســتبوو، كــاتێ بــەیانی لەخــەو هەڵســام و ســەیری پەرداخەكەم كرد، دەبینم گوڵەكەش لەخـەو هەڵساوە و بۆتــەوە گــوڵێكی گــەش و جـوان، بــەڵام پــاش چــی تــازە ڤەلانتاین تێپەڕی.**

# ((ژیاننامەی نووسەر))



- د. هـاوژین سـڵیوە عیسـا کـەریم، لـە دایکبـووی (١/ ٥/ ١٩٧٩)، هەرمۆتە ـ کۆیە.
- (٢٠٠٤) بڕوانامــەی بەکالۆریۆســی لــە زمــان و ئــەدەبی کوردی بەدەستهێناوە.
- (٢٠٠٨) بڕوانامەی ماستەری لە زمان و ئـەدەبی کـوردی بەدەستهێناوە.

- (٢٠١٢) بڕوانامـــەی دكتـــۆرای لـــە ئـــەدەبی كـــوردی بەدەستهێناوە.
- (٢٠١٧) پلــەی زانســتی بەرزبۆتــەوە بــۆ پڕۆفیســۆری یاریدەدەر.
- زمــانی (كــوردی) و (عــەرەبی)و (فارســی) و (ســریانی) دەزانێت.
- (٢٠١٠) خـەڵاتی یەكـەمی لـە لێكۆڵینـەوەی ئـەدەبی لـە فێستیڤاڵی گەلاوێژ بەدەستهێناوە.
- (٢٠١٢) لەســەر ئاســتی هــەرێمی كوردســتاندا لــە بــارەی لێكۆڵینەوەی ئەدەبی خەڵاتی لاوی ساڵی پێبەخشراوە.
- (٢٠١٦) توێژینەوەیــەكی هاوبەشــیان لەگــەڵ (فازیــل شــەورۆ) نووســیوە بــەناوی (جگــەرە لــەجیهانبینیی شــیعری شێركۆبێكەســدا)، لــە فێســتیڤاڵی گەلاوێــژ بەشـــداریان پێكـــردووە و خـــەڵاتی یەكـــەمیان بەدەستهێناوە.

- جێگـــری بەڕێوەبـــەری نووســـینی گۆڤـــاری (زانکـــۆی کۆیە)بووە.
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی هەنگاوی نـوێ بووە.
- یاریـدەدەری بەڕێوەبـەری نووسـینی گۆڤـاری شـارەوان بووە.
- بەڕێوەبەری نووسینی (گۆڤاری کەلتووری کورد)بووە.
- جێگری سەرنووسەری (گۆڤاری کەکۆن)ە.
- ئەنـــدامی دەســـتەی نووســـەرانی (گۆڤـــاری ڕۆشـــنبیری کەلدان)ە.
- مامۆستای ڕەخنەی ئەدەبییە لە زانکۆی کۆیە.
- ئەندامی سەنتەری مەلای گەورەیە.
- سـەرۆکی بەشـی زمـانی کـوردی بـووە لـە زانکـۆی کۆیـە (٢٠١٩/١/٧-٢٠٢٠/٩/١٠)

**کتێبە چاپکراوەکانی:**

**١. لە پایزەوە بۆ بەهار، شیعر، چاپخانەی بێریڤان، هەولێر، ٢٠٠٧.**

**٢. وێنەی هونەری لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، دەزگای سەردەم، ٢٠٠٩.**

**٣. خوشکە نەسیمۆ، کۆمەڵێ حیکایەتی سریانی، وەرگێڕانی لە زمانی سریانییەوە بۆ زمانی کوردی، چاپخانەی کەمال، ٢٠١٢.**

**٤. مۆسیقای نامۆیی، شیعر، چاپخانەی کەمال، ٢٠١٣.**

**٥. ڕەهەندی دەروونی لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣ .**

**٦. خۆری دەق و ئاوێزەی ڕەخنە، ڕەخنەی ئەدەبی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣.**

**٧. مێژووی هەرمۆتە، توێژینەوەیەکی مێژوویی لەبارەی مەسیحییەکانی کۆیە ــ هەرمۆتە، چاپخانەی زانا، سلێمانی،٢٠١٣.**

٨. هەڵبژاردەیەك لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس، وەرگێڕانی لە کوردییەوە بۆ زمانی سریانی، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٥.

٩. هێما ئایینی و ڕۆشنبیرییەکان، ن: صەبری المەقدەسی، و. لە عەرەبییەوە: دەلال صلیوە، پێداچوونەوەو دارِشتنەوەی: د. هاوژین سڵیوە، ٢٠١٥.

١٠. پاییزی نیگەرانی، شیعر، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٥.

١١. ئیرۆتیك لەشیعری (حەمام)ی شێرکۆ بێکەسدا، هاوبەش لەگەڵ د. دەریا حەوێزی، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٥.

١٢. کاریکاتێر لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٦ .

١٣. جگەرە لە جیهانبینیی شیعری شێرکۆبێکەسدا، لەگەڵ:(فازیل شەورۆ) نووسیویانە، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٧.

١٤. موسيقى الاغتراب، شعر، المؤلف: هاوژين صليوه، ترجمة: محتـرم محمـد، مطبعة هاوار، دهوك ، ٢٠١٨.

١٥. ئاوێتەبوونی زمانی کوردی و زمانی سریانی- لە شاری کۆیە(شیعر بە نموونە)، کتێبی هاوبەش لەگەڵ مامۆستا شادان شکر، ٢٠١٨.

١٦. تابلۆی پەپوولان، شیعر بۆمندالان، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٩.

١٧. توتییەکی ژیر، چیرۆك بۆمندالان، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٩.

١٨. ڕەخنەی پراکتیکی، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠١٩.

١٩. دایك لە جیهانبینیی شیعری (لەتیف هەڵمەت)دا، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی دەروونییە، لەگەڵ (فازیل شەوڕۆ) نووسیویانە، چاپخانەی سارا، سلێمانی، ٢٠١٩.

٢٠. ئاگردانێك بەقەد نیشتیمان، ژیاننامەی فاروق شەهید عەلی مەولوود، (یاداشتە ڕۆمان)، لەگەڵ (فازیل شەوڕۆ) دایانڕشتۆتەوە و کردوویانە بە بابەتێکی ئەدەبی، ٢٠٢٠.

**٢١. دیـوانی شـێواو، توێژینـەوە و ئامـادەکرن، چـاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠٢٠.**

**٢٢. بنچینەیەك بۆفێربـوونی زمـانی فارسـی**(مبـانی یـادگیری زبان فارسی)، ٢٠٢٠.

**٢٣. زایەڵەی فلوتە ئەویندارەکەی سەرداری باب سـەردار، لـە گەڵ م. فازیـل شـەوڕۆ و د. هـێمن عەبدولحەمیـد ئامادەیـان کردووە، ٢٠٢٠.**

**٢٤. خەونی فەرمانبەرێك - چیرۆك- ، ٢٠٢٠.**

## ((فەهرەست))


| ((ناوەرۆك)) | ((لاپەڕە)) |
|---|---|
| خانەنشین................................ | ٢ |
| تاڵە موێکی سمێڵم سپی بوو ............ | ١٠ |
| دایکم سەروەت و سامانمە................ | ١٩ |
| لەنێوپاسدا................................ | ٣٦ |
| با جەوێك بگۆڕین......................... | ٤١ |
| ئازاری ژیان................................ | ٥٧ |
| خەونی فەرمانبەرێك ..................... | ٦١ |
| ئەوەندەی تر باریم قورس کرد......... | ٧١ |
| بەس جێگام نییە.......................... | ٧٧ |
| ئازارەکانی ئاسۆ.......................... | ٨١ |
| دوو دیمەن................................... | ٩٦ |
| ڤەلانتاین.................................... | ١٠١ |
| ژیاننامەی نووسەر........................ | ١٠٤ |